# دەقی هونەریی ئۆپەرێت لە گەشەسەندنی ڕەوتی شانۆی کوردیی ساڵانی حەفتاکان ، ( دا پیرەی دانا ) وەك نموونە

پ.ی.د.عطا رشید حسێن پ.ی.د. مەریوان عمر حسن

## دەستپێك :

بە مەبەستی ئەوەی بەشێوەیەکی زانستییانە تیشك بخەینە سەر ڕۆڵ و کاریگەریی دەقی هونەریی ئۆپەرێت لەگەشەسەندن و بەرەو پێشبردنی ڕەوتی شانۆی کوردیدا لە ساڵانی حەفتاکاندا و بەتایبەتیش لە شاری سلێمانیدا ، سەرەتا بەرلەوەی بچینەسەر هونەری ئۆپەرێت بەپێویستمانزانی ، کە ئاوڕێك لە هونەری ئۆپێرا بدەینەوە ، کە بەدایکی هونەری ئۆپەرێت دادەنرێت ...، شەنوکەوێکیکوردی بۆبکەین،چونکەلەڕووی مێژووەوە لە هونەری ئۆپەرێت کۆنترە و زووتر سەری هەڵداوە ،تەنانەت بەڕای زۆربەی زۆری شارەزایان و ڕەخنەگران ئۆپەرێت بەبەشێکی بچووككراو ودانەبڕاوی هونەری ئۆپێرا دادەنێن ، واتە (( شێوەیەکە لە شێوەکانی ئۆپێرا ، بەتایبەتی ( ئۆپێرای کۆمیك )... ))[1]و دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و لەوەشدا یەکدەگرنەوە ،کە هەردووکیان پێکەوە پێکەوە (( بریتین لە نمایشێکی شانۆیی ، کە شیعر و مۆزیکی تێدابەکاردەهێنرێت، هەڵبەت بەپلەی یەکەمیش مۆزیکە ، چونکە مۆزیك شوێنێکی تایبەت وداوەرێکی سەرتاسەری نێو نمایشەکەیە ، ئینجا شیعر بە پلەی دووەم دێت ))[2]،بەلأم هەریەکەشیان جۆرێك تایبەتمەندی خۆی هەیە و هەریەکەشیان بەجیا خاوەنی مێژووی دیاریکراوی خۆیەتی .

هەربۆیە لەو چوارچێوەیەدا ، هەوڵدەدەین سەرەتاباس لە مێژووی هونەری ئۆپێرا بکەین بەپێی ڕەوتە مێژووییەکە ، کە لە ئەوروپادا سەری هەڵداوە ، ئینجا ئاماژە بە مێژووی سەرهەڵدانی هونەری ئۆپەرێت بکەین ، کە ئەویش بەهەمان شێوە لە ئەوروپا سەری هەڵداوە، پاشان چەمك و پێناسەی هەریەکەیان بەجیا بخەینەڕوو ، بێگومان بەوەش کارئاسانییەکی زێتر بۆ عاشقانی هەردووهونەرەکە فەراهەم دێت و زێتر تێدەگەین و باشتر دەیانناسن ، ئەمە جگە لەوەی توێژینەوەکەشمان چوارچێوەیەکی زانستییانەتر لەخۆدەگرێت.

---

[1]عەبدوڵڵا ڕەحمان عەولا ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١١ ، ل١٤٦ .

[2]اعظم بابایی ، تأریخچە اپرا در ایران ، پژوهشکدە باقر العلوم ،پژوهی نیت ، تهران ، ١٣٩٥/١٢/٢٤ .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**بەشی یەکەم**

**مێژووی ئۆپێرا :**

لەگەڵ ئەوەی هونەری ئۆپێرا ، تا بڵێی کارێکی سەخت و دژوارە و(( بە یەکێك لە هونەرە قورسەکانی شانۆی گۆرانیئامێز دادەنرێت ، چونکە جیا لە دەقی شیعریی پێویستی بە توانای بەرز هەیە بۆ گۆرانی گوتن و مۆسیقا و سەما ،کە هەموو ئەمانەش پێویستییان بە مەشق و ڕاهێنانێکی زۆر هەیە ))[3] ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی ئۆپێرا،گەر لاپەڕەکانی دیرۆکی ئەو هونەرە هەڵبدەینەوە، گەلێك تێڕوانین و بۆچوونمان بەرچاودەکەوێت لەسەر شوێن و کاتی سەرهەڵدانەکەی ، بۆ نموونە هەندێك لەشارەزایان باس لەوە دەکەن ، کە (( سەرەتا ئۆپێرا لە ئەوروپادا لەسەدەی (١٥)دا دەرکەوت و لەسەردەستی پیاوانی ئایینی کڵێساوە هاتە کایەوە ، کە مەبەستیان دانانی تیپێکی ئایینی بوو بۆ هەموو جەژنێك ، واتە لەکڵێساوە ئەو ڕێورەسمە ئایینیە نمایش دەکرا ، پاشان گواسترایەوە بۆ گۆڕەپان و مەیدانەکان . لەڕاستیدا ، ئەورێورەسمە ئایینیانە لەلایەن لیژنەیەکی باڵاوە سەرپەرشت دەکراو ناوبەناویش دەقی شیعریی(٨)دێڕیان لەنێو ئەو ڕێورەسمەدا بەکاردەهێنا ))[4]، بەڵام لە ئینسکلۆبیدیای عەرەبیدا ، واهاتووە و کە (( ساڵی ١٥٤٠ز لە ئیتالیا مژدەی لەدایکبوونی هونەری ئۆپێرا درا ، کە جۆرێکە لەشانۆگەری و هونەرێکی داهێنەرانەیە ))[5]، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت ، کە لەو قۆناغە مێژوویەدا هەوڵێکی سەرەتایی هەبووە بۆ سەرهەڵدان و لەدایکبوونی بابەتێکی هونەریی نوێ لەژێرناوی (ئۆپێرا)دا ، بەڵام لەهەندێك سەرچاوە وبەلای هەندێك لە ڕەخنەگرانی بواری شانۆوە واباس دەکرێت ، کە هونەری ئۆپێرا لە (( دوای هەوڵ وکۆششێکی زۆر لەلایەن گەلێك لەشارەزایانی ئیتالییەوە ، وەکو ( گالیلی ) ، (جۆلیۆ کاچینی)ی مۆزیسیانی بەتوانا و(جاکو بیری)ی ئاوازدانەر و (ئۆتافیۆ بینوشینی)ی شاعیرەوە توانرا یەکەم وێنەی ئۆپێرایەکی ڕاستەقینە لەساڵی ١٥٩٤ ز بەناوی (دافن- Dafne)ەوە بنیات بنێن ، کە سەرچاوەکەی ئەفسانە کلاسیکییەکان بوو ))[6] .

وەك دەبینین ، لەم دەربڕینەدا چەند زانیارییەکی گرنگ خراوەتە ڕوو ، بەتایبەتی لەڕووی ڕەگەزەکانی هونەری ئۆپێراوە ، کە خۆیانلە : ( مۆزیك ، ئاوازدانەر ، شیعر )دا دەبینییەوە . هەروەها ساڵ و شوێنی لەدایکبوونی ئەو هونەرە ، کە ئیتالیایە لەگەڵ سوودوەرگرتن لە بابەتەکانی فۆلکلۆر بەتایبەتیش ( ئەفسانە ) ، کەکەرەستەیەکی گرنگ و خاوی بنیاتی ئۆپێرابووە ، و ناوی یەکەم دەقی ئۆپێراش بەناوی ( دافن)ەوە بوو .

لە هەندێك سەرچاوە و دەربڕینی تردا دەبینین ، کە ساڵی ١٦٠٠ ز بەسەرەتای مێژووی لەدایکبوونی هونەری ئۆپێرا دیاریدەکەن ، هەروەکو هاتووە : (( بەفیعلی لەساڵی١٦٠٠ زلە مێژوودا بۆیەکەمجار ئۆپێرا لەشاری ( فلۆرەنسە ) لە ئیتالیا سەری هەڵدا و لەهەمان ساڵیشدا ( کاچین ) توانی مۆزیك بۆ دەقەکەی دابنێت ، ئاوازی مۆزیکەکەش لەسەر شێوازی تراجیدیای یۆنانییەکان بووە ))[7]، بەڵام لە کتێبی ( المعجم المسرحی )

[3] عەبدوڵڵا ڕەحمان عەولا ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، ل١١٨.

[4] احمد بیومي ، اوبرا موسیقي من ویکیبیدیا ، الموسوعةالحرة ، ص(١) .

[5] هشام الشمعة ، الموسوعة العربیة ، ص٣ .

[6] الاردایس نیکول ، المسرحیة العالمیة ، ت : عثمان نوبة و ج١، مطبعة الرسالة ، القاهرة ، ص٢٨٠ .

[7] هشام الشمعة ، الموسوعة العربیة ، ص٣ و احمد بیومي ، اوبرا موسیقي من ویکیبیدیا ، الموسوعةالحرة ، ص١– ٢ .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

داهاتووە ،کەڕاستە (( ئۆپێرا مێژوویەکی کۆنی هەیە و لە ئیتالیادا دەرکەوتووە ، ئەوەش لەدوای هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی تراجیدیای یۆنانی کۆن بووە، بەڵام لەسەردەستی ( کلاودیو مونتفردی )١٥٦٧ – ١٦٤٣ بوو )) [٨]، وەك لێرەدا دەبینین دەستپێشکەری هونەری ئۆپێرا دەگەڕێتەوە بۆ ( کلاودیو مونتفردی ) ، کە یەکەم کەس بووە ئەم هونەرەی لە ئیتالیا دا هێناوەتە ئاراوە ، هەروەها ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت ، کە هونەری ئۆپێرا لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای ئاخاوتنی ئاوازدار بنیاتنراوە و سەربە هەردوو جیهانی شانۆ و مۆزیکە ، واتە تێکەڵەیەکە لە هەردووکیان، هەرلەوچوارچێوەیەدا (کەمال ڕەئوف محەمەد ) لە کتێبی ( هونەری درامای ڕادیۆی کوردی) ەکەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ، کە سەرهەڵدانی هونەری ئۆپێرا کارێکی هەروا ئاسان و سەرپێیی نەبووە ، بەڵکو ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی ( فلۆرەنسە ) ڕۆڵی بەرچاو و دیاری هەبووە لەسەرهەڵدانی هونەری ئۆپێرا لەساڵی١٦٠٠ ز، هەروەکو دەڵێت : (( دامەزراندنی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی فلۆرەنسن لە ئیتالیا لەساڵی ١٦٠٠ ز هەڵکەوتنی هونەرێکی نوێ بوو ،کە ئەویش ئۆپێرا بوو ، کە بەهۆیەوە گۆڕوتینێکی مێژوویی بەسەر مۆزیکی خۆرئاوادا هێنا، بەتایبەتی لەڕووی داهێنانی هونەری ( یەکخستنی ئاوازۆکەکانی دەنگەکانەوە –هارمۆنیە - ) . )) [٩] .

هەرسەبارەت بە مێژوو و شوێنی سەرهەڵدانی هونەری ئۆپێرا، هەندێکی تر لە شارەزایان و ڕەخنەگرانجەخت لەسەر هەمان ساڵ ( ١٦٠٠ ز) و شوێن، کە ئیتالیایە دەکەنەوە ، بەڵام بەدەربڕینێکی تر هەروەکو دەڵێن: (( هونەری ئۆپێرا لەڕووی مێژووییەوەلە کۆتایی سەدەی(١٦) و لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێنیسانس لە ئەورووپاوە و لەپێناو زیندووکردنەوەی کەلەپووری یۆنانی و ڕۆمانیدا هاتۆتە کایەوە لە وڵاتی ئیتالیادا ، کە تێیدا شانۆگەرییەکانی یۆنانییەکان بە گۆرانی دەوترانەوە ، بەتایبەتیش لە شاری ( فلۆرەنسە )دا ، کە لەسەردەستی کۆمەڵێك شاعیر و مۆسیقازان لەوانە ( ئەلکۆنت فرینۆ ، گالیلی ،جۆلیۆ کاچینی ) بەمەبەستی گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوە لەسەر شانۆگەرییە یۆنانییەکان و زانینی بەکارهێنانی مۆزیك لەگەڵ تەمسیلکردندا و چۆنیەتی زیندووکردنەوە و بوژاندنەوەیە لە کۆشکی ( جیۆڤانی باردی ) ، کە یەکێك بوو لەو ئەمیرانەی بایەخێکی زۆری بەهونەر دەدا ، کۆدەبوونەوە . )) [١٠]،ئیدی بەم شێوەیە و وەك دەردەکەوێت زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن ، کە هونەری ئۆپێرالەساڵی ١٦٠٠ز لەشاری ( فلۆرەنسە ) لەوڵاتی ئیتالیا هاتۆتە کایەوە و لەوێشەوە وردە وردە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی شارستانیەت و ڕەوتی ژیاندا ، هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناو بە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و جیهاندا بڵاوبوویەوە هونەرێکی سەردەمیانەی پێشکەوتوو ، کە شاعیران و نووسەران ومۆزیکژەن و ڕخنەگران بە هەند وەری بگرن و کاری لەسەربکەن .

## چەمك و چۆنیەتی سەرهەڵدانی هونەری ئۆپێرا

[٨] د.ماری الیاس، د.حنان قصاب حسن ، المعجم المسرحي ، مکتبة لبنان ، ط٢ ، ٢٠٠٦ ، ص٧٥ .

[٩] کەمال ڕەئوف محەمەد ، هونەری درامای ڕادیۆی کوردی ، دەزگای پەخش و چاپی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٠ ، ل٥٤٠ .

[١٠] عەبدوڵڵا ڕەحمان عەولا ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، ل١٢٧ – ١٢٨ .


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

لەگەڵ ئـەوەی هـەموو بابەتـە هونـەری و ئەدەبیـەکان و زانستییەکانزادە و بەرهـەمی تێڕامـان و سـەرنجدانی مرۆڤە بۆ ژیان و هەوڵە بەردەوامەکانی مرۆڤ ، کە بەهۆیانەوە و لەڕێگایانەوە مرۆڤ لەهەموو سەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا هەوڵیداوە لە نهێنییەکانی ژیان تێبگات وپەی بە هەموو نهێنییەکانی ژیان و مرۆڤایـەتی بـەرێت ، بەڵکو بتوانێتخزمەتێك بە مرۆڤ وسروشت و سـەرجەم دیاردە و ڕەهەنـدەکانی ژیـان بکـات و لـە هەمانکاتیشـدا مێژوویەك تۆماربکات و داهێنانێکیش بەدەستبێنێت .

بێگومـان هـەمووداهێنان و بەرهـەمێکیش لـەخۆوە ئـەنجام نادرێـت ، بـەڵکو هۆکـار و پرنسـیپی تایبـەت بەسەرهەڵدانی خۆی هەیە ، هەربۆیە ، گەرلەوڕوانگەیەوە تەماشای کاروچالاکییەکانی مـرۆڤ بکـەین ، دەبیـنین بابەتی ئۆپێراش وەکو هونەرێك بـەدەر نییـە لـە هەوڵە هونـەری و داهێنانـەکانی مـرۆڤ ، کەتێیـدا مەبەسـتێتی جۆرێك لـە خۆشـگوزەرانی و خۆشـی بەخشـین بـە مرۆڤـەکان ببەخشـێت و کـەمێك لـە جـەنجاڵی ژیـان دووریـان بخاتەوە و ئاسوودەیان بکات و زەردەخەنە بخاتە سەرلێوەکانیان ، بەتایبەتیش لەبۆنە و نەریتـە جڤاکییەکانـدا ، جا ئیدی ئەو بۆنانە بۆنەی ئایینی ، سیاسەتی فەرهەنگی ، نەتەوەیی ،.... هتد بن .

کەواتە ، بەگەڕانەوەمان بۆ رووپەلەکانی مێژوو ، هەموو ئەو ڕاستییانەمان بۆ دەردەکەوێت،کە زۆربـەی بابەتـە ئەدەبی و هونەرییەکانی وەکو : ( شیعر ، شانۆ، ..) جگە لەوەی لەدوو تـوێی بۆنـە ئاینییـەکان و پەرسـتگاکانەوە سەرچاوەیانگرتووە و سەریانهەڵداوە ، پاشان لەڕێگەی هونەرمەندان و ڕەخنەگران و شاعیرانەوەگواسـتراونەتەوە بۆ نێو کایەکانی دیکەی ژیان و تێکەڵ بە ڕەوتی شارستانێتی بوون و بەرگێکی نوێ بەبەریاندا کراوە ، لەدیدێکی دیکـەوە (( هونـەری ئـۆپێرا پێکهـاتووە لەتێکـەڵکردنی دوو هونـەر ،کـە ئـەوانیش نوانـدن و مۆزیـك وپاشـان هۆنراوەیە))[11]... ، لەهەمان کاتیشدا ، دەبینین ئەو بابەتانەخێزانە ئەرستۆکراتی و شاهانەکان لە پشتیانەوە بوون بوون و لەڕێی ئەوانەوە سەرچاوەیان گرتووە و ئەوانە هۆکاری سەرەکی بـوون بـۆ سـەرهەڵدانیان ، واتـە بەپلـەی یەکەم بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە .

هەرلەو چوارچێوەیەدا، ئەوەتا دەبینین هونەریئۆپێرا لەودیاردەیە بەدەرنییـە و (( لەسـەرەتادا لـەنێو کۆشـك و تەلاری چینی ئۆرستکراتی نمایش دەکرا و ئەو چینە باوەشی بـۆ ئـۆپێرا کـردەوە ، چـونکە لەگـەڵ ژیـان و بـیر و هەستان و دانیشتنی ئەم چینە ئەگونجا و ئەم چینە تارأدەیەك بووبەهۆی پەرەسەندنی ئـەم هـۆی پەرەسـەندنی ئەم هونەرە )) [12]

وەك دەبینین ، چینی ئەرستۆکرات و پیاوانی ئایینی لەوسەردەمە مێژووییەدا هۆکاری سەرهەڵدانی ئۆپێرابـوون . بەدیوێکی تردا دەکرێ بڵێین ( کەنیسە ) ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەوسـەرهەڵدانەدا ، پاشـان بـەهۆی لێهـاتوویی ڕەخنـەگران و توانـای هونەرمەنـدان و شـاعیرانەوە وبـەهۆی بەرەوپێشچوونی ژیانـەوە تـوانرا ئـەو هونـەرە لـە

[11] **Inglis Cundry , The Nature of Opera as a Composite Art ,** ***Proceedings of the Royal Musical Association*** **, Published by: Taylor & Francis,Abingdon ,1947,P25 .**

[12] عەبدوڵڵا ڕەحمان عەولا ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، ل١٢٦ .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کەنیسە دووربخرێتەوە و بگوازرێتەوە بۆ نێو کایەکانی دیکەی ژیان ، بەوەش جۆرێک لەسەربەخۆیی بەدەستبهێنێ بەتایبەتیش لەسەردەمی ڕێنیسانس .

لەلایەکی دی (( ڤاگنەر و کە ئەم هونەرەی هەڵبژارد ئەوبیرۆکەیەی پەسەنکرد ، کە دەڵێت ئۆپێرا هونەرێکی تێکەڵکراو ،لەم ڕووەوە کاری تراژیدی تێکەڵ بە ئامێری مۆزیك و هۆنراوەوتنەوە داهێنا ))[13].

دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت ، هەرچەندە هونەری ئۆپێرا جۆرێکە لە نواندن و راستەوخۆ پێشکەش دەکرێ ، بەڵام لەرووی پێکهاتەوە تێکەڵەیەکی گەورەیە لە هونەرەکانی شیعر و مۆسیقا و گۆرانی ، وەك دەوترێت : (( ئۆپێرا سروشتی خودی خۆی تێکەڵکردنە نەك دروستکراو و دەستکرد ))[14]، واتەجۆرێك لە ئاهەنگ سازی وخۆشی ڕابواردنی پێوەدیارە، هەربۆیە هەندێك لە توێژەران پێیان وایە (( ئۆپێرا لەسەرەتاوە لە زنجیرەیەك بڕگەی گۆرانی پێکهاتووە و هیچ پێوەندییەکی بەشانۆوە نەبووە و پێی وتراوە ( ئۆپێرای کۆنسێرا Opera Concera) ، پاشانلەلایەن هەندێك دانەری ئۆپێراوە ، وەکو : ( کریستۆف گلوك ، کارل ماریا فۆنڤێبەر ، ۆلفگانگ مۆزار ، گیۆسیبی ڤێردی ) توانیان سنورێك بۆ سەرکەوتنی گۆرانی لەسەر ڕەهەندی شانۆیی دابنێن و جۆرە پێکەوەبەستنەوەیەك لە نێوان گۆرانی و شانۆدا دروست بکەن، کە تیایدا هونەرەکانی ( شیعر و مۆسیقا ، سەما ، شانۆ ، وێنە ، تەلارسازی ، دەرهێنان و نواندن) لەخۆبگرێت بەتایبەتیش لەسەردەستی ( ریچارد ڤاگنەر)ی ئەڵمانییەوە ، کە بۆ ئەو مەبەستە هەوڵێکی بێسنووری دا ))[15]بێگومان ، هەموو ئەو گۆرانیانەش ، کە لە دووتوێی نمایشی ئۆپێرا پێشکەش دەکرێن ، بریتین لە چەند جۆرە گۆرانییەکی جیاواز ، لەوانەش وەکو:

(( ١- وتەی ئاوازدانەر ، جۆرێکە لە گۆرانی بەشێوەی وتاری و ئاوازەکەی لەگەڵ مۆسیقای ئاساییدا دەنووسرێتەوە و بەشێوەیەکی گشتیش وەکو سەرەتایەکە بۆ گۆرانی کورت یان دیالۆگ .

٢- گۆرانی کورت ( ئاریا ) ، گۆرانییەکە بۆ گۆرانیبێژێکی تاك، کە کۆمەڵێك مۆسیقاژەن یاوەری دەکات و پێویستیی بە شارەزاییەکی باش هەیەلە نواندندا .

٣-گۆرانی بچووك (ئاریات ariette) ، ئەو جۆرەیە ، کە لە گۆرانی کورت بچووکترە و زیاتر لە ئۆپێرای فەرەنسیدا بەکاردێت بە وشەی ئیتالی و هیچ ئامێرێکی مۆسیقی لەگەڵدایە .

٤- گۆرانی دووقۆڵی ، یان سێ قۆڵی ، یان چوارقۆڵی ، جۆرەگۆرانییەکی هاوبەشە بۆ دوان، یان چوار گۆرانیبێژ ، یان زیاتر ، گۆرانیبێژەکانیش بەپێی گوتن دەربڕینی خۆیان .

٥-گۆرانی کۆمەڵ ، بڕگەیەکە لە لایەن کۆمەڵێك گۆرانیبێژەوە جێ بەجێدەکرێت ، بەیاوەری ئامێری گۆرانی گوتن .

٦- تیپی گۆرانی( کۆرال) بریتییە لەکۆمەڵێك گۆرانیبێژی کوڕی و کچی لاوەکییەوە ، کە بەسەر چوار٤بەشدا دابەشبوون ، ئەوەش بەپێی دابەشبوونی دەنگەکانیان ))[16]، هەروەها هەربەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوە و

---

[13] Inglis Cundry , The Nature of Opera as a Composite Art , p 26 .

[14] **Inglis Cundry ,the same source… P26 .**

[15] د.ماری الیاس، د.حنان قصاب حسن ، المعجم المسرحي ، مکتبة لبنان ، ط٢ ، ٢٠٠٦ ، ص٧٦ .

[16] هشام الشمعة ، الموسوعة العربية ، ص٣ و احمد بيومي ، اوبرا موسيقي من ويكيبيديا ، الموسوعةالحرة ، ص ٢.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

تیشکخستنەسەر بابەتەکە ، دەبینین لەڕووی زمانەوانی وپێکهاتنەوە ، ئۆپێرا لە بنەڕەتدا (( وشـەیەکی ئیتالییـە و لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بەوشێوەیە بەکاردێت ، کە لە وشەی( opus) ی لاتینییەوە وەرگیراوە و واتـای (کار) یان (دانەر ) دەگەیەنێت و زیاتر بۆ کاری درامـای شیعریی بـەکاردێت ، کە گۆرانی تێدایـە و گۆرانیبێـژ بەتەنیا لەگەڵ ئۆرکسترای سیمفۆنیدا دەیڵێیت . )) [17] نـەك هەرئەوەنـدە ، بـەڵکو(( وێـڕای ئـەوەش بـەکاربردنی پەردەدەنگی هەرەبەرزی پیاوی گۆینـدە چـریکە و پـەردەدەنگی هەرەناسـکی ئـافرەتی گۆینـدە زریکـە بەهایـەکی جیاواز و شیرینی دەنگ چڕینی دەدەنێ )) [18]، لێرەدا نووسەر Inglis Gurdy ئاماژە بە وتـەی نووسـەرێکی دی دەکات بە ناوی:( ڕۆجەر فرای - RogerFry )دەبێژێت : ((لە گۆرانیدا کاتێك وشەکان لەگەڵ ریتمی هۆنراوە ڕێکدەخرێن ودوای شێوازی وتنەوەی لەگەڵ تۆنەکانی مۆزیکدا دەگۆڕێن...، بـەو واتایـەی زۆربـەی کـات هـۆنراوە لـەپێناو گـۆرانی و ئاوازەکـەی دەکرێتـە قوربـانی مۆزیـك و بۆئەمـە زۆرجـار شـیعر لـەم نێـوەدا بـەها و ماناکانیانلەدەستدەدەن )) [19]،هەرلەوچوارچێوەیەدا هەندێکی دی لە شارەزایان دەبێژن وشەی ئۆپێرا لە( Opera in musick ) ەوە هاتووە وواتای ( کارکردن) دەگەیەنێت )) [20]تەنانەت وشـەی ئـۆپێرا هەنـدێکجاریش (( واتـای کاری ئەدەبی ) یان ( هونـەری ) دەگەیـەنێت )) [21]شـایەنی باسـە ، لـەڕۆژگاری ئـەمڕۆدا دەبیـنین هونـەری ئـۆپێرا بۆتە دیاردە وبابەتێکی زیندووی نێوجیهانی شانۆ وسـەرنجی شـانۆکاران و دەرهێنەرەشانۆییەکانی بەبایەخـەوە بەلایخۆیـدا ڕاکێشـاوە و کـاری لەسـەردەکەن ، تەنانـەت لەناوزۆربـەی زمانـەکانی جیهانـدا هەربـەو نـاوەوە ناوزەددەکرێت وبەکاردەهێنرێت ، بەڵام (( لە زمانی کوردیداهەندێکجار لەلایەن هەندێك ڕخنەگر و نووسەرەوە بەوشـەی ( ئـۆپێرا )ش بـەکاردەهێنرێت )) [22]، ئەمەجگەلـەوەی نمایشـی هونـەری ئـۆپێرا لـە نەتەوەیەکـەوە بـۆ نەتەوەیەکی دی جیاوازە ، چونکە هەرنەتەوەیەك خاوەنی تایبتمەندی و داب و نەریتی خۆیەتی .

پێناسەی ئۆپێرا ـــ بـەهۆی بـوونی ئـەو مێـژووە بەررفراوانـەی ، کـە هونـەری ئـۆپێرا لـە جیهـانی شـانۆدا هەیەتی و سەرنجڕاکێشانی زۆرێك لە شاعیران ونووسەران و هونەرمەندان بەلای خۆیدا، دەبینین هەرنووسەر و شاعیر وهونەرمەنـدێك لە تێڕوانین و سۆنگەی تێگەیشتنی خۆیـەوە پێناسـەی بـۆ بـۆ ئـەم هونـەرە کـردووە . بـۆ نموونە لە فەرهەنگی ( معجم المصگلحات الادب ) دا هاتووە ، کـە (( ئـۆپێرا شـیعرێکی شـانۆییە و بـە گۆرانییـەوە دەخرێتـەڕوو لەگـەڵ بـەکارهێنانی ئـامێرە مۆسـیقییەکاندا ،بـەبێ بـەکارهێنانی دیـالۆگ )) [23]، بـەڵام ( محەمـەد مستەفا قەرەداغی) دەڵێت : (( ئۆپێرا – سترانە شـانۆیی– هونـەرێکی شانۆییە تێیـدا مۆسـیقا شـوێنێکی دیـاری هەیە لەکاتی نواندنی ئەکتەرەکاندا )) [24] دیارە نووسەر جگە لەوەی پێیوایە ئۆپێرا شـیعرێکی شـانۆییە، لەهـەمان

[17] د.ماری الیاس، د.حنان قصاب حسن ، المعجم المسرحي ، مکتبة لبنان ، ط٢ ، ٢٠٠٦ ، ص ٧٥ .
[18] کەمال ڕەئوف محەمەد، هونەری درامای ڕادیۆی کوردی ، دەزگای پەخش و چاپی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٠ ،ل٥٤٠ .
[19] Inglis Cundry , The Nature of Opera as a Composite Art , P27 .
[20] د.کمال الدین عید (د) ، اعلام و مصطلحات الموسیقى الغربیة ، دارالوفاء ، مصر ، ٢٠٠٦ ، ص١٦٥ .
[21] هشام الشمعة ، الموسوعة العربیة ، ص٣ و احمد بیومي ، اوبرا موسیقي من ویکیبیدیا ، الموسوعةالحرة ، ص١ .
[22] عەبدوڵڵا عەلی ، هونەری لە کۆماری گەلی چین دا ، ڕ. هاوکاری ، ژ(٢٣٨) ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل(٦) .
[23] مجدی وهبە ، معجم مصگلحات الادب ، منشورات مکتبە لبنان ، بیروت ، ١٩٧٤ ، ص٣٦٨ .
[24] محەمەد مستەفا قەرەداغی ، فەرهەنگی زاراوەکانی هونەر ، چ٢ ، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی ، ٢٠١٢ ،ل٩٩ .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کاتیشدا باس لە ڕۆڵ و گرنگی هونەریمۆسیقاش دەکات ، کە وەکو ڕەگەزێکی گرنگ دەبێت بوونی هەبێت ، هەروەها (سمیر عبدالرحیم الجلبی )ش دەڵێت:(( ئۆپێرا ، جۆرە شانۆگەرییەکی گۆرانی ئامێزە ، کە تێیدا شیعری شانۆیی و ئامێری مۆسیقی بەکاردەهێنرێت ))[25]،لێرەشدا، وەك دەردەکەوێت هەردوو بابەتی (شیعر) و (مۆسیقا) دووڕەگەزی گرنگە نێو پێکهاتەی هونەری ئۆپێران و لەشێوەی نمایشێکی شانۆییدا دەخرێتەڕوو، بێگومان ئەو شیعرەش بە شێوەی دیالۆگ دابین دەکرێت .

لەلایەکی دی ( کلینتۆن باددیلی) لە کتێبەکەی : ( پەیڤەکان بۆ مۆزیك) دەبێژێ : (( پەیڤەکان بۆ مۆزیك لە پێکهاتەیاندا ناتەواون ، و واتای تەواو نابەخشن ، چونکە بۆ مەبەستی ریتمی مۆزیك دانراون ))[26] وهەرلەو چوارچێوەیەدا ، هونەرمەند (باکوری) دەڵێت : (( ئۆپێرا عیبارەتە لە شلنۆگەرییەکی شیعریی و گفتوگۆ و هەموو گفتوگۆکانیش لە ئەلفەوە تا یا عبە ئاواز دەوترێت ))[27] کەچی ( دلێر ابراهیم ) پێیوایە ،کە ( ئۆپێرا ، فۆرمێکی تایبەتە لە مۆسیقادا ، بەشانۆنامەیەکی ئاواز بۆ دانراو ئەوترێ ، ئەو شانۆنامەیەی ئەکتەرەکان لەجیاتی ئەوەی هەیانە بە حیوار بیلێین ، بە ئاواز دەری دەبڕن ))[28]،وەك دەردەکەوێت ، نووسەر لەڕووی فەرهەنگی مۆسیقییەوە تەماشای هونەری ئۆپێرا دەکاتو بە فۆرمێکی مۆسیقیشی لەقەڵەم داوە ، بەڵام ئەوەی هەیە وەکو هەردەڤێکی شانۆیی نمایش دەکرێت ، هەروەها هەندێکی دی لە شارەزایان و رەخنەگران سەبارەت بە پێناسەی هونەری (ئۆپێرا ) دەڵێن : (( شیعرێکی شانۆییە و بە گۆرانی دەگوترێتەوە و گۆرانیبێژانیش بەتەنها ، یان بە شێوەی کۆرس بە هاوکاری ئامێچری ئۆرکستڕایی سیمفۆنیاوە دەیڵێنەوە ))[29].

لەدوو توێی سەرجەم ئەوپێناسانەوە ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، کە هەرنووسەرێك لە ڕوانگەی چێژ و جیهانبینی و هونەرەکەی خۆیەوە تەماشای ئۆپێرا دەکەن وپێناسەیان کردووە ، واتە شاعیرێك لە ڕووی جیهانی شیعرەوە پێناسەی ئۆپێرا دەکات وبەبەشێك لە جیهانی شیعری لە قەڵەم دەدات ، هەروەها مۆسیقازان وشارەزایەکی مۆزیکیش لە ڕوانگەی هونەری مۆسیقاوە تەماشای ئۆپێرا دەکات و بەبەشێك لە جیهانی مۆزیك لە قەڵەم دەدات ...

لەلایەکی دیکەشەوە هەردوو ( دەقی شیعریی ) و (مۆزیك) دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و دووبنەمای سەرەکین بۆ بنیاتی هونەری ، کە تێیدا بەلای هەندێکەوە شیعر بە پلەی یەکەم دێت ، ئینجا مۆزیك ، بەڵام بەلای هەندێکی دیکەشەوە و بە پێچەوانەوە مۆزیك بە پلەی یەکەم دێت، ئینجا شیعر ، بەڵام هەرچۆنێك بێت هەموو ئەمانە لە دوو توێی بەرگێکی شانۆییدا بەرجەستە دەکرێن و دەخرێنەڕوو .

هەرلەو ڕوانگەیەوە دەکرێ بڵێین (( ئۆپێرا لە ئەنجامی هەوڵی چەند شاعیرێك و مۆسیقا ژەنێك وەك لاسایی کردنەوەیەکی شانۆی یۆنانییەکان هاتەکایەوە، کە بریتی بوون لە خوێندنەوەی شیعر بە یاوەری مۆزیك )) [30]

---

[25] سمیر عبدالرحیم الچلبی ، معجم مصگلحات الادب ، منشورات مکتبە لبنان ، بیروت ، ١٩٧٤ ، ص٣٦٨ .

[26] **<u>Clinton-Baddeley</u> , Words for Music , Cambridge University Press, London, Mar 12, 2015,P28 .**

[27] باکوری ، ئۆپێرا ، گ( ڕامان) ، ژ ٥٨ ، ٥ نیسان ٢٠٠١ ، ل٢٩٥ .

[28] دلێر ئیبراهیم ،تیۆری مۆسیقا ، چ٢، چاپخانەی خاك ، سلێمانی ، ٢٠٠٣ ، ل ١١٥ .

[29] د. ماری الیاس ، د.حنان قصاب ، المعجم المسرحي ، ص (٧٥) .

[30] عەبدوللا ڕەحمان عەولا ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، ل١٢١ .


e-ISSN (2522-7130)       p-ISSN (2410-1036)

لە کۆتاییدا ، دەکرێ بڵێین ، ئۆپێرا دەقێکی لیریکی شیعرییە و بەهۆی بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە هونەری مۆسیقا ، کە لە ناواخندا بەشێوەی دیالۆگ بنیاتنراوە ، لەڕێی چەند ئەکتەرێکەوە پێشکەش بە بینەران دەکرێت ، هەروەها بابەتێکی سەردەمیانە و لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیان و ڕەوتی شارستانێتیدا ئەمیش هەنگاوی ناوە و بەرەوپێشچووە و توانیویەتی وەکو بابەتێکی گرنگ و پێویست سەرنجی شاعیران و نووسەرانو مۆسیقاژەنان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و ئاوڕی بەهەندی لێبدەنەوە و کاری لەسەربکەن .

**جۆرەکانی ئۆپێرا**

دیارە ، هونەرێك خاوەنی ئەو مێژووە بەرفراوانە بێت و شان بەشانی ژیان وڕەوتی شارستانیەت هەنگاوبنێت و ڕەنگدانەوەی سەردەم و قۆناغەکەی خۆی بێت ، لەیەك جۆر و لە یەك بەرگدا نامێنێتەوە ، بەڵکو بەگەلێك شێوە وجۆری جیاوازەوە نمایش دەکرێت و دەخرێتە ڕوو ، هەربۆیەلەو چوارچێوەیەدا دەبینین ، ئۆپێرا گەلێك جۆری تایبەت و جیاوازی هەیە ، کە ڕەنگە هۆکاری ئەوەش پەیوەندی بە جۆر و جیاوازی ژیانی گەلانی جیهانەوە هەبێت ، کە هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی و ڕێوڕەسم و داب و نەریتی تایبەتی خۆیان بن .

لەوڕوانگەیەشەوە دەبینین ، شارەزایان و ڕەخنەگران گەلێك جۆری جیاوازیان دەربارەی هونەری ئۆپێرا خستۆتە ڕوو لەوانەش وەکو :

(( ١- ئۆپێرای ئازادی ، ئەو جۆرە ئۆپێرایەیە ، کە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسیدا هاتە کایەوە و بەشێوەیەکی بەرچاو پاڵپشتی لە ئازادی و یەکسانیو مافی مرۆڤ دەکرد .

٢- ئۆپێرای نەتەوایەتی ، ئەوجۆرە ئۆپێرایەیە ، کە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هونەری نەتەوایەتیدا لە ئەوروپا سەری هەڵدا .

٣- ئۆپێرای واقیعی ، ئەوجۆرە ئۆپێرایەیە ، ، کە لەگەڵ هاتنەکایەی ڕێبازی ریالیزمدا هاتەکایەوە .

٤- ئۆپێرای سیریا ، ئەوجۆرە ئۆپێرایەیە ، ، کە لەسەدەی(١٧) سەری هەڵدا و لە (٣) بەش پێك دێت و زیاتر بەکۆرس و سەماکردنەوە نمایش دەکرێت و دەبێت بە (٢) جۆرەوە :

ا- ئۆپێرای تراجیدی ، ئەوجۆرە ئۆپێرایەیە ، کە خاوەن شێوەیەکی گەورە و دەگمەنە و ناوەڕۆکێکی تراجیدی و کارەساتی لەخۆگرتووە .

ب- ئۆپێرای کۆمێدی ، بریتییە لەو ئۆپێرایەی ، کە لەبری پێشکەشکردنی بابەتی پاڵەوانێتی و ئەفسانەیی ، دیمەن و کەسایەتی ئاسایی و باو دەخاتە ڕوو . لەڕووی نمایشکردنەوە تواناسازی کەمتری لەڕووی دەرهێنان و پێشکەشکردنی پێویستە )) [٣١]

(( ٥- ئۆپێرای بچووك ، ئەوجۆرە ئۆپێرایەیە ، کە ژمارەیەکی دیاریکراو لە مۆسیقازان و گۆرانیبێژ بەشداری تێدادەکەن لەژەنین و جێ بە جێکردندا ، شوێنی نمایشی ئۆپێراکەش تابڵێی بچووکە و ژمارەی کارەکتەرەکانی کەمن و کۆرسی تێدا نییە .

---

[٣١] عەبدوڵڵا ڕەحمان عەولا ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، ل( ١٢٦ – ١٤٣) .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٦- ئۆپێرای گەورە ، ئەوجۆرە ئۆپێرایەیە ، کە لەسەدەی (١٩) دا سەریهەڵدا و خاوەن هەناسەیەکی گەورەیە و لە کۆمەڵێك هەڵوێستی سۆزداری و بەزەیی و پیاهەڵدان وستایشکردنی وێنەی شانۆیی پێکهاتووە ، جگە لەوەش کۆمەڵێك هونەرمەندی شانۆیی و مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژ و کارەکتەر و کۆرس و سەماکەری تێدایە و ڕۆڵ دەبینن ))[٣٢].

(( ٧- ئۆپێرای گاڵتەوگەپ ، ئەوجۆرە ئۆپێرایەیە ، کەبابەتەکانی زیاتر لەشێوەی کۆمیدیادان و ئەومۆسیقایەی تێدا بەکاردێت مۆسیقایەکی ئاساییە و جۆرە ئاوێتەبوونێکی لەگەڵ ئاخاوتندا هەیە و تابڵێی سادە و ساکارە ))[٣٣]

(( ٨- ئۆپێرای بوفا ، ئەوجۆرە ئۆپێرایەیە ، کە بە گۆرانی دەگوترێتەوە و خاوەن سروشتێکی پێکەنیناوییە و ژمارەی کارەکتەرەکانی کەمن . ))[٣٤]

((٩- ئۆپێرای کۆمیك ( هەزەلی – کۆمیدی ) ، ئەو جۆرە ئۆپێرایەیە ، کە چنینەکەی بەزم و خۆشی تێدایە و بۆ ئەو جۆرە نمایشە شانۆییە بەکاردێ ، کە لە دیالۆژ و گۆرانی و سەما پێکهاتووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە چنینی کۆمیدی هەبێ ، بەڵکو هەندێ جار ڕۆمانتیکی دەبن، یان ڕەگەزەکانی مەرگەساتیان تێدایە ...

١٠- ئۆپێرای میللی(بالاد) ، جۆرە درامایەکی گۆرانی ئامێزە ، لە کۆتایی سەدەی (١٧)دا دیالۆژ تیایاندا جیگای دەم و ڕووی ڕیتمداری ئیتالی گرتووەتەوە . ئەم جۆرە ئۆپێرایە چنینێکی ڕۆمانتیکی سادەی هەبووە ، یاخود ڕگەزەکانی هەجووکردنیان تێدا هەبووە، هەندێکجار موزیکە تایبەتی بۆ دانراوە ، بەڵام زۆربەی جارەکان ئاوازی تەقلیدی و میللی بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێنراوە . ))[٣٥]

((١١- ئۆپێرای دەرۆزەکەر ، کۆنترین و مەزنترین ئۆپێرای بالادەز واتە ئۆپێرایەکی سۆزدارییە )) [٣٦]

((١٢- ئۆپێرای (پەکین)ی ، جۆرە ئۆپێرایەکە و نیسبەتە بۆ شاری ( پەکین)ی وڵاتیچین ز ئەم جۆرە ئۆپێرایە خۆی لە دووتوێی نمایشێکی شانۆییدا دەبینێتەوە و لە جۆرەکانی هونەری کلاسیکییە و لە شارستانێتی چینەوە وەرگیراوە ، مێژووەکەی بۆ سەدەی (١٩) دەگەڕێتەوەو لەسەردەستی (دامەکین بی )ەوە هاتە ئاراوە )) [٣٧] .

**مێژووی ئۆپەرێت :**

سەبارەت بەبوون و سەرهەڵدانی ئەم جۆرە هونەرە و بەبڕوای زۆربەی شارەزایانی ، کە پێیان وایەبەهۆی ئەوەی هونەری ئۆپەرێت بچووکراوەی ئۆپێرایە ، یان شێوەیەکە لە ئۆپێرا و بە ئۆپێرایەکی ئاسان دەناسرێت، دەبینین لە چاو ئۆپێرادا ((ڕەگەزی سەرنجراکێشی کەمە ،تەنانەتهەندێکجاریش وەکو زاراوەیەکی کات بەسەربردنی مۆسیقی بەکاردەهێنرێت ، بەهۆی ئەوەی خاوەن چنینێکی سۆزدارییە و بە خۆشی‌کۆتایی دێت ))[٣٨] ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو هونەرێکی سەربەخۆ وخاوەن خەسڵەت خاوەن مێژووی دیاریکراوی

[٣٢] د.کمال الدین عید (د) ، اعلام و مصطلحات الموسیقی الغربیة ، دارالوفاء ، مصر ، ٢٠٠٦ ، ص(١٤٠) و (١٧١) .

[٣٣] ك.ع.ك ، ئۆپرا ، گۆڤاری بەیان ، ژ(١٥)١٩٧٤ ،ل(٩) .

[٣٤] د. ماری الیاس ، د.حنان قصاب ، المعجم المسرحي ، ص (٨١) .

[٣٥] یاسین قادر بەرزنجی ،فەرهەنگی شانۆ ،ب١ ، دەزگای سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ ،ل ( ١٥–١٦ ).

[٣٦] محەمەد مستەفا قەرەداغی ، فەرهەنگی زاراوەکانی هونەر، ل (١٦ – ١٨ ) .

[٣٧] د.ماری الیاس ، د.حنان قصاب ، المعجم المسرحي ، ص ( ٧٨ ) .

[٣٨] سمیر عبدالرحیم الجلبي ، معجم مصطلحات الادب ، منشورات مکتبة لبنان ، بیروت ، ١٩٧٤ ، ص ١٦٦ .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

خۆیەتی ، هەرچەندە سەبارەت بەومێژووەش گەلێك بۆچوونی جیاواز هەیە ، بۆ نموونە هەندێك لەڕەخنەگران ، پێیان وایە سەرەتای سەرهەڵدانی وەکو دیاردە و بابەتێکی هونەری ئاسایی مێژووەکەی دەگێڕنەوە بۆ ((سەدەی سێزدە، کە جۆرە تەمسیلییەك نمایش دەکرا ، لەوانەتەمسیلی(ڕۆبین و ماریۆن) لە (ناپۆلی) و دواتر لە فەڕنسا نمایش کرا و دەقەکەش لەلایەن نووسەری فەڕەنسی (ئادەم دی لاهای )ەوە نووسرابوو ، ئەم جۆرەتەمسیلییانە بۆ سەرنجڕاکێشانی بینەران ، زمان پیسی و جنێودانیان بەکاردەهێنا ، جیاوازیشیان لەگەڵ ئۆپەرێتدا لەوەدابوو کە بابەتێکی دیاریکراویان لەخۆ نەگرتبوو ، بەڵکو هەڵبژاردەیەك بوو لە فۆلکلۆر و گۆرانی گوتن ، ئەویش وەکو دیاردەیەکی نواندن ))[٣٩]، بەڵام(بورهان قەرەداغی) سەبارەت بە مێژووی هونەری ئۆپەرێت ، پێی وایە ، وەکو نمایشێکی گۆرانی ئامێز لەسەدەی (١٧ )دا لە ئیتالیا دەرکەوتووە ، پاشان لەسەدەی (١٩)دا دیالۆگی تێدا بەکارهاتووە ، بەڵامزۆرێکیش لە توێژەرانی بواری سەما و شانۆ و گۆرانی ئامێزی منداڵ و سەرەتای دەرکەوتنی ئەم هونەرە دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیست لە ئەڵمانیا ))[٤٠] ، هەروەها هەندێکی دیکەش لە ڕەخنەگران لەگەڵ ئەوەی پێیان وایە ، ئۆپەرێت لەسەدەی (١٩)دا هاتۆتە ئاراوە ، بەڵام زێتر فەڕەنسییەکان لەوبوارەدا دەستپێشخەربوون و لەوچوارچێوەیەدا سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم هونەرەدا دەگێڕنەوە بۆ هونەرمەند و شاعیر ( هارڤی )، کە (( لەساڵی ١٨٤٧ دا یەکەم بەرهەمی خۆی بەناوی (دۆنکیشۆت و سانکۆباترا )وە نووسی ز ئەوەش ڕێکەوتێك بووە کاتێك (هارفی)لەگەڵ مۆزیسقازانێك ، کە هەردووکیان کورتەباڵابوون بیرۆکەی ئەوەیان بۆهات شانۆیەك پێشکەش بکەن و دووکەسایەتی(دۆنکیشۆت)و(سانکۆباترا)بابەتەکان بخەنەڕوو .))[٤١] .

بەهەمان شێوە ، هونەرمەند(کەمال ڕەئوف محەمەد)یش پێی وایە سەرەتای دیرۆکی سەرهەڵدانی (( هونەری ئۆپەرێت لە نیوەی هەژدەهەمدا دەرکەوت و پتر لەوڵاتی فەڕەنسادا پەرەی سەند ز بنچینەی ئەم هونەرەش ، چیرۆکێکی شانۆیی و هۆنراوەیی گۆرانی ئامێزە ، کە بەدەم نواندن و گۆرانی و مۆسیقاوە پێشکەش دەکرێت، بەڵام ئەمە سەروبور مەرجەکانی ئۆپێرای بەسەردا ناسەپێت چ لەڕووی بابەتی داستانەوە ، چ لەڕووی پشت بەستنی تەواوەتی بە ئاواز و مۆسیقاوە ))[٤٢] ، هەروەها دەشگونجێت ئەم هونەرە لەبواری نواندندا لەسەر تەختەی شانۆ دیالۆگی بێ گۆرانی و مۆسیقاشی تێبکەوێت .

بەپێی هەندێك لە دید و بۆچوونەکان(( ( ئۆپەرێت ) شێوازێکی پێشکەوتووی ئۆپێرایە وزۆر لە جۆری ( ئۆپێرای کۆمیك )ەوە نزیکە ، کە بە ئاسانی لە نێوانیاندا ناکرێت واتە ئۆپێراش لەدەنگی گەلەوە نزیکە و تایبەتە بە کێشەکانی گەل))[٤٣]وەك دەبینین ، زۆربەی سەرچاوەکانیش لەگەڵ ئەوەدان هونەری ئۆپەرێت لەوڵاتی فەرەنسادا سەری هەڵداوە و وەکو هونەرێکی سەربەخۆش ، کە خاوەنی پرنسیپ وخەسڵەتی دیاریکراوی خۆی بێت ((لەسەدەی نۆزدەدا هاتۆتە کایەوە ))[٤٤]وسەرنجی زۆرێك لە شاعیران و هونەرمەندان ومۆسیقازانانی لای

---

[٣٩] عەبدوللا ڕەحمان عەولا ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، ل(١٥٢) .

[٤٠] بورهان قەرەداغی ، شانۆی منداڵ ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ،٢٠١١ ،ل(٢٤٢).

[٤١] عەبدوللا ڕەحمان عەولا ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، ل(١٥٥) .

[٤٢] کەمال رەئوف محەمەد ، هونەری درامای ڕادیۆی کوردی ، دەزگای پەخش و چاپی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٠ ، ل(٥٤١) .

[٤٣] عەبدوللا ڕەحمان عەولا ، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٤٦ ) .

[٤٤] د. ، ماری الیاس ، د.حنان قصاب ، المعجم المسرحي ، ص ( ٨٣) .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خۆیدا ڕاکێشاوە ئیدی وردەوردە بە وڵاتانی دیدا بڵاوبۆتەوە و سوودی لێوەرگیراوە ، هەربۆیە وەك باس دەكرێت لەسەرەتای سەرهەڵدانی لە فەرەنسادا ودەستپێك لە هۆڵی شانۆیی بچووك نمایش دەكرا وپێشكەش بەبینەران دەكرا و لە یەك بەش پێكدەهات، بەڵام بەهۆی پێشوازیكردنی بینەران لەو هونەرە نوێیە ، وەكو هونەرێكی تەواو و سەربەخۆ لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیان و شارستانیەت جۆرەپێشكەوتنێكی تایبەتی بەخۆیەوە بینی و وای لێهات ، كە چەند بەشێكی دیكەی بۆ زیادبكرێت و لە یەك بەشەوە ببێت بە (٣)بەش و لەبەرزۆربوونی بینەرانیشی لەهۆڵی شانۆیی گەورەدا نمایش بكرێت .

چەمك و چۆنیەتی سەرهەڵدانی هونەری ئۆپەرێت :

هەرچەندە هەندێك لەشارەزایانی بواری ئەم هونەرە لەڕووی واتاو دەستەواژەوە پێیان وایە ((ئۆپەرێت تێرمێكی ئیتالیە و واتای ئۆپێرای بچووك دەگەیەنێت ، یاخود كورتكراوەی پەیڤی ئۆپێرایە ، بەڵام بەشێكی تریش لە شارەزایان پێیان وایە، كە ئۆپەرێت پەیڤێكی گریكییە و بەواتای جووڵەی جوان و ریتمی جوان دێت ))[45] ، هەرچۆنێك بێت هاتنەكایەی هونەری ئۆپەرێت بۆ سەرنجراكێشانی بینەران بووە بۆ بیركردنەوە لە واقیعی ژیان و چارەسەركردنی كێشەكان . واتە بینەران هەست بەو ڕاستییە بكەن ، كە ئەوان بەشێكی دانەبڕاو و كاریگەرن لەژیاندا و دەكرێ سەرچاوەی گۆڕانكارییەكانی ژیانی كۆمەڵگابن بەرەو ئاراستەیەكی باشتر و ئایندەیەكی گەشتر لەڕووی سیاسی ، كۆمەڵایەتی،ئابووری ، فەرهەنگی ،.... هتد .

ئیدی وەك دەبینین ئەم هونەرە نوێیە وردەوردە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیان و قۆناغەكانی گەشەكردنی شارستانێتیدا هەنگاوی بەرەوپێشەوە ناو بەتایبەتیش لە ئەوروپادا (( لەدوای جەنگی یەكەمی جیهانەوە سروشتێكی سەماكردنی وەرگرتو دەق هیچ بایەخێكی نەما و زێتر نوكتە و جنێوی لەخۆگرت ، سەرەڕای ئەمانەش زێتر هونەرمەندانی سینەما بۆ ناوباتگی پەیداكردن ڕۆڵی تێدا دەگێڕا ))[46]

لێرەشدا وەك دەردەكەوێت هونەری ئۆپەرێت هەرلەسەرەتاوە لەلایەن گەورەكانەوە نمایش دەكرا، بەڵام دواتر لەگەڵ زێتر سەقامگیربوونی ئەم هونەرەدا وای لێهات لەلایەن منداڵانیشەوەنمایش بكرێت و لەوچوارچێوەیەشدا ڕۆڵێكی كارا بگێڕێت لەپەروەردەكردنی توێژی منداڵاندا ، جاچ لە قۆناغی باخچەكانی ساوایاندا بێت ، یاخود لە قۆناغەكانی قوتابخانەكاندابێت ، بۆئەومەبەستەش سوودلەلایەنی كەلەپوور و كولتوری ڕەسەنی نەتەوایەتیش وەردەگرێت و فەرامۆشیان ناكات .

ئەمە جگە لەوەی لەڕووی بونیادەوە (( بە شیعر، یاخود بەپەخشان ، یان بەزمانی خەڵكی سادە دەنووسرێت وهەندێك بڕگەی نواندنیش ( واتە دیالۆگ )ی تێكەڵ دەكرێت ، بەڵام زۆربەی كات بە شیعر دەنووسرێت ))[47]لەڕاستیدا ، بەهۆی ئەوەی ئۆپەرێت زیاتر خۆی لە قاڵبی شیعرییدا دەبینێتەوە ، وایكردووە (( زیاتر بۆ منداڵانی تەمەن(٤-٦)ساڵان بشێت ))[48] ، چونكە بابەتەكە زێتر لە دووتوێی شانۆیەكی شێوەگۆرانی ئامێزیدا

---

[45]بورهان قەرەداغی ، شانۆی منالان ، ل(٢٤٢) .

[46]عەبدوللا ڕەحمان عەولا ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی كوردیدا، ل(١٥٨) .

[47]بورهان قەرەداغی ، شانۆی منالان ، ل(٢٤٣) .

[48]شاهێن نەجمەدین ، لای ئێمە هێشتا بایەخ بە شانۆی منداڵان نەدراوە ، دیمانە ،گ.: ئاسۆی پەروەردەیی ،ژ(١٢)، هەولێر ، ٢٠٠١,١,ل(٧٢) .


e-ISSN (2522-7130)       p-ISSN (2410-1036)

بەرچاودەکەوێت و لەنێو ڕووداوەکانیشدا دیالۆگی تاکەتاکە بێتە کایەوە و منداڵانیش بە ئاسانی ئەو شیعرانە لەبەر بکەن و بەتەنیا دەوری تێدا بگێڕن و گۆرانی بڵێن .

**هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئۆپەرێت :**

١- گەیشتنە لوتکە وزۆربوونی بەرهەمی ئۆپێرا ، کەکە لەگەڵیشیدا جدییەتوەکو سیمایەکی ئەوبەرهەمانەی ئۆپێرا بەردەوام بوو ، بەتایبەتتیش ڕووداوی گرژ و توند، تەنانەت نەرم وخۆشیش لە ئۆپێرامێژوویەکاندا دەبوونە هۆکارێك بۆ بێزاربوونی بینەر لە دووبارەبوونەوەی ئەو ڕووداوانەدا .

٢- هەرچەندە جەماوەری ئۆپێرای(سێریا) ، کە لەچینی سەرەوەی کۆمەڵ بوو و ئۆپێرای (بوفا)ش سەرجەمی گەل بوو ، کەچی لە ئیتالیا هەردووجۆر بەیەکەوە هەڵیانکرد ، ، بەڵام لە فەرەنسادا بەیەکەوە نەگونجان و تەنانەت شەڕەقسە لەنێوان لایەنگرانی هەردووجۆر لەوپەڕی گەرمیدابوو ، ئەمەش شاعیران و هونەرمەندانی ناچارکرد بەدوای جۆرێکی نوێدا بگەڕێن ، کە ڕەزامەندی گشتی لەسەربێت .

٣- ئۆپێرا بەرهەمێك بوو لە ئەنجامی لێکدانەوەیەك بۆ لاسایکردنەوەی شانۆ یۆنانییەکان هاتە کایەوە و کەمتر لەژێر کارتێکردنی ڕەوشی سیایی و کۆمەلایەتی و ئابووریدابوو ، بەڵام ڕەوشە جڤاکی ودەروونییەکان کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر لەدایکبوونی ئۆپەرێتدا بینی .

٤- سەرهەڵدانی ئۆپەرێت و گەشەکردنی زێتر بۆ بەرسڤدانەوەی داخوازییە هەنووکەییەکانی زەوقی گشتیی جەماوەر دەگەڕێتەوە بەتایبەتیش ، کە ڕەوتێکی گەشبینی باڵی بەسەر ناوەڕۆك و ئەو ئۆپەرێتانەدا گرتبوو و مرۆڤی بۆ چەند ساتێك لەدەست کێشەکانی ڕزگاردەکرد ولەبیری دەبردەوە .

٥- بۆسەرنجڕاکێشانی جەماوەر ورزگارکردنیلەدەست بێزاریو نائومێدییەکانی ، ئۆپەرێت پەنای بردە بەر نمایشکردنی ئەکتەرەکانی بەڕووتی و نیمچەڕووت لەگەڵ سەماکردندا .

٦- پێگەیشتن و سەقامگیربوونی چینی بۆرجوازی ، کە پێچەوانەی چینی ئەرستۆکراتەکان حەزیان لەو جۆرە نمایشانە دەکرد و پاڵپشتی ماددی و مەعنەوییان لێدەکردن .

٧- سەقامگیربوونی ڕەوشی سیاسی لە فەڕەنسادا بەتایبەتی لەسەردەمی (ناپلیۆن)دا ،کە بەرقەراربوونی ئاشتی بووەهۆکاری گەشەسەندنی باری ئابووری خەڵك و حەزکردنی خەڵکی لەڕابواردن وگاڵتەوگەپ .

٨- پاڵپشتیکردن و هاندان وچاودێریکردنی مادی و مەعنەویی دەسەڵاتداران لەوجۆرە هونەرە، بەتایبەتیش خودی ناپلیۆن ، کە هەمیشە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ئامادەی بینینی نمایشەکانی ئۆپەرێت دەبوو .

٩- ڕەچاوکردنی کات و شوێنی پێشکەشکردنی ئۆپەرێتەکان .

١٠- کاری دیکۆرسازی لە نمایشکردنی ئۆپەرێتدا لەوپەڕی بەرزیدا بوو ، کە جێگەی سەرسوڕمان و سەرنجڕاکێشانی بینەران بوو .[٤٩]

[٤٩] عەبدوڵڵا ڕەحمان عەولا ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، ل(١٥٢– ١٥٥) .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**پێناسەی ئۆپەرێت :**

سەبارەت بەسەرهەڵدان و سەقامگیربوونی ئەم هونەرە نوێیە لەنێو جیهانی شانۆدا و سەرنجڕاکێشانی زۆرێك لە شاعیران و نووسەران بەلای خۆیدا و بوونی کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر هزر و تێڕوانینی بینەران و بەهەڵدانەوەی رووپەلەکانی دیرۆکی ئۆپەرێتدا، دەبینین گەلێك پێناسەی هەمەجۆری بۆکراوە ، بەڵام ئەوەی هەیە لەچوارچێوە گشتییەکەدا تێکڕای پێناسەکان یەکدەگرنەوە ، بۆنموونە هەندێك لەشارەزایان بەم شێوەیە پێناسەیان کردووە : (( جۆرێکە لە گۆرانی میللی و ناچێتە ژێر ڕکێفی هەندێك یاسای گرانەوە ، کە لە ئۆپێرادا هەیە و پشت بە بە مۆسیقا ە ئاوازێکی سووك و خێرالەبەرکردن دەبەستێت و لە دیالۆگی ئاخاوتنی پێکدێت ))[50]، هەروەها (غەمگین فەرەج)یش هەمان تێڕوانین و بۆچوونی هەیە ، کە هەردوو ڕەگەزی مۆسیقا و گۆرانی ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەبونیاتنانی ئۆپەرێتدا لە قاڵبێکی نمایشیدا ، هەروەکو دەڵێت : (( بریتییە لە نمایشێکی شانۆیی ، کە لە داڕشتنیدا مۆزیك و گۆرانی وەك دوو ڕەگەزی بنیاتنەر پانتاییەکی فراوان لەبەرهەمەکەدا داگیردەکەن ))[51]، بەڵام هەندێکی دی پێیان وایە ،کە (( ئۆپەرێت ، جۆرە درامایەکی بچووکە بۆ مەبەستی پراکتیکی دەنووسرێت و لە پشووە مۆسیقایەك و دیالۆگێکی ئاخاوتن پێکدێت و زۆریش لەسەرشێوەی داشۆریندارێژراوە ))[52]، وەك دەردەکەوێت ، هونەری ئۆپەرێت لەگەڵ ئەوەی جۆرێکە لەشانۆ ، بەڵام بەشێوەی داشۆرین کاری ڕەخنەیی پێشکەشدەکرێت ، کە تێبدا بەهۆیەوە ڕەخنە لەکەموکورتییەکانی کۆمەڵگادەگیرێت ...هەرلەو چوارچێوەیەدا (حەمەکەریم عارف )لەکتێبی ( ئەدەبی منداڵانی کورد دوای ڕاپەڕین )ەکەیدا سەبارەت بەم پێناسەکردنی(ئۆپەرێت) دەڵێت (( گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی لیریکی دڵدارییە، یان داستانێکی تراژیدیانەی پڕلە خەم و کەسەرە ، کە سەرەکییەکانی هۆنراوە و گۆرانی و گێڕانەوەی کارەساتەکە بە ئاواز و گۆرانی ، ئیترگێڕانەوەی چ بە کۆمەڵ بێ ، یان بەتاك ، بەیاریدانی کۆرس بێ ، یان بەهۆی کۆنسێرتی مۆسیقییەوە بێ ))[53]،هەروەها لە کتێبی (معجم الموسیقی الغربیه ) شدا هاتووە ، کە ((ئۆپەرێت ئەوجۆرە شانۆگەرییەیە ، کە بەهۆیەوە جۆرێك لە گۆرانی ئاسانو سەماکردن و نمایشکردن لە خۆ دەگرێت ، جگە لەوەش هەندێك لە دیالۆگەکانی بەشێوەی گۆرانی دەگوترێتەوە، ئەوانی تریشیان وەکو شانۆگەرییەکی ئاسایی بەکاردەهێنرێت ))[54]، هەروەها هەندێکی دیکەش لەشارەزایان لەپێناسەکردن وخستنەڕووی هونەری ئۆپەرێتدا پێیان وایە ((ئۆپەرێت بریتییە لە جۆرەشانۆیەکی گۆرانی ئامێزیخۆش ، کە ڕەگەزەکانی نواندن و گفتوگۆی شانۆیی و سەماکردن لەخۆدەگرێت و ڕەنگ دەدەنەوە ))[55] .

---

[50] د. ، ماری الیاس ، د.حنان قصاب ، المعجم المسرحي ، ص ( ٨٣) .

[51] غەمگین فەرەج ، دەروازەیەك بۆ بۆتەکانی مۆزیك ، زنجیرە کتێبە ئەنستیتوی کورد ، هەولێر ، ٢٠٠٢ ، ل٢٥ .

[52] عەبدوڵڵا ڕەحمان عەولا ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، ل(١٤٧) .

[53] حەمەکەریم هەورامی٬ ئەدەبی منداڵانی کورد دوای ڕاپەڕین ،ب٢، لەبڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان ، هەولێر، ٢٠٠٧ ، ل ٢٨٢ .

[54] محمد الهنانا ، معجم الموسيقى الغربية ، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب ، دمشق ، سورية، ٢٠٠٠، ص٢٣٧ .

[55] د.محمد التونجي ، المعجم المفصل في الادب ، ط٢ ، بيروت ، لبنان، ١٩٩٩ ، ص(١٤٣) .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

بەهەرحاڵ پێناسە وتێڕوانینەکان سەبارەت بە هونەری ئۆپەرێت زۆرن ، بەڵام ئەوەی لەدووتوێی ئەو پێناسانەوە بەدەردەکەون، ئەوەیە ، کە ئەم جۆرە هونەرە نوێیە لەچەند ڕەگەزێکی گرنگ پێکدێت ، کە بریتین لە مۆسیقا ، گۆرانی ، دیالۆگ، دەق ، ئەکتەر ...هتد ، بەڵام ئەوەی هەیە زیتر دەقی شیعری بەکاردێت ، وەك پەخشان ، چونکە شیعر زووتر لەبەردەکرێت و گوتنەوەی ئاسانە و مۆسیقییە ، جگە لەوەش زێتر لەلایەن منداڵانەوە نمایش دەکرێت، کەی مەبەستیش لێی لایەنی پەروەردەکردنە ، بەڵام ئەمەش ناکاتە ئەوەی ، کەتوێژی گەورەکان لێی بێ بەری بێت، نەخێر ، بەڵکو ئەوانیش دەتوانن لەنمایشی هونەری ئۆپەرێتدا بەشداربن .

**جۆرەکانی ئۆپەرێت :**

هونەری ئۆپەرێت لەڕووی نمایشەوە وەکو بابەتێکی شانۆیی (٢)جۆرە ، کە بریتین لە :

١) ئۆپەرێتی گەوران : ئەو ئۆپەرێتەیە ، کە بۆ چینەکانی کۆمەڵ دەنووسرێت و خاوەن پەیامێکەو گرفتێکی جڤاکییە ، یاخود سیاسی ، یاخود ڕەوشتی دەخاتەڕوو و هەوڵدەدات سەرنجی کۆمەڵگا لەم بارەیەوە ڕابکێشێت ئەوەش لەڕێی کارکردنەسەر بیر و هۆشی بینەر بە شیعر و ئاواز و مۆسیقا و گۆرانی گوتنەوە ، گەلێکجاریش بەهۆی پەیڕەوکردنیشێوازی گاڵتەجاڕی و کۆمیدییەوە ئەو وروژاندنە چڕتردەکرێتەوە.

٢) ئۆپەرێتی منداڵان : ئەو ئۆپەرێتەیە ، کە زێتر خۆی لە نێو شانۆی منداڵاندا دەبینێتەوە و بۆ منداڵان دەنووسرێتەوە و نمایش دەکرێت بەمەبەستی پەروەردەکردنی منداڵان وفێرکردن و ئاشناکردنیان بە بەها بەرزەکان وکاروکردەوەی چاکە و ئەنجامەکانی خراپەکاری وئاکامی ڕەوشتبەرزی وهاندانیان بۆ خۆشەویستیی وڵات و کۆمەڵگەکەیان وڕشتربوونیانە لەسەر خوێندنیان .))[٥٦]

ئەمە جگەلەوەی ئۆپەرێتی منداڵان هەربۆچێژبەخشین و کات بەسەربردن نییە، بەڵکو بەپلەی یەکەم بۆ پەروەردەکردنی منداڵانە بەشێوەیەکیتەندروست و سەردەمیانە و بە پرنسیبەکانی پەروەردەوە بەستراوەتەوە و پێڕەوی سەرجەم یاسا وڕێساکانی پەروەردە دەکات و سنوورێکی دیاریکراویشی هەیە و نابێ لێی لابدرێت .

ئۆپەرێتی منداڵانیش (٢)جۆرە ، کە بریتین لە:

(( أ- ئۆپەرێتی منداڵانی ساوا – ئەو ئۆپەرێتانە دەگرێتەوە ، کە زێتر لە باخچەی ساوایان بەشێوەیەکی زۆرسادە و ساکار پێشکەش دەکرێت و منداڵانی ساوا بە شێوازی یاریکردن بە هاوکاری مۆسیقا و هەڵپەرکێ نمایش دەکەن و هەندێکجار لاسایی ئاژەڵەکانی وەکو : ( کەروێشك ، پشیلە ، ... ) دەکەنەوە .

---

[٥٦] عەبدوڵڵا ڕەحمان عەولا ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، ل( ١٦٥ – ١٦٦ ) .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ب- ئۆپەرێتی قوتابخانەیی ــ ئەوجۆرە ئۆپەرێتەیە ، کە زێتر بۆ ئەو منداڵانەیە ، کە تەمەنیان گەورەترە لەچاو منداڵانی ساوا ، هەروەها لەچوارچێوەی قوتابخانەشدا نمایش دەکرێت وەکو هۆکارێکی فێربوون ، کە وانەکانی خوێندنی پێدەگوترێتەوە ))[٥٧].

جیاوازی نێوان ئۆپێرا و ئۆپەرێت :

(( ١- ئۆپێرا دەقە شیعرییەکەی هەمووی ئاوازی بۆ دادەنرێت و لەسەر تەختەی شانۆ بە گۆرانی دەکوترێتەوە ، بەڵام ئۆپەرێت مەرج نییە هەموو دەقەشیعرییەکەی ئاوازداربێت ، بەڵکوهەندێك بەشی دیالۆگی لەنێو دەقە شیعرییەکەدا بەشێوەی گفتوگۆی ئاسایی لەسەر شانۆ پێشکەش دەکرێت .

٢- بابەتەکانی ئۆپێرا ڕووداوی گەورەن لە ئەفسانە و داستان و ڕووداوە مەزنەکانی نیشتمانی و دڵداری وەرگیراون ، کەمتر ڕووداوی کۆمێدی لەخۆدەگرێت ، بەڵام ئۆپەرێت ڕووداوەکانی لەواقعی ژیانەوە وەرگیراون وجۆرێکە لەڕەخنەگرتن لە دیاردەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە ، کە ئەمەش بەڕێگەی کۆمێدی و گاڵتەجارییەوە نمایش دەکرێ و دەبێتە مایەی پێکەنین وخۆشی .

٣- لەئۆپێرادا کەسێك یاخود کەسانێك لەسەر شانۆ گۆرانی دەڵێن ومۆسیقا و گۆرانی زیاتر بەسەر کەشەکەیدا زاڵە ، بەڵام لەئۆپەرێتدا لەگەڵ گۆرانییەکە گفتوگۆ و جووڵە و بزوتنەوەیەکی لەگەڵدایە ، واتە گۆرانی و جووڵە و گفتوگۆ پانتایی ئۆپەرێت پێکدەهێنن.))[٥٨].

لەکۆتاییدا دەکرێ بڵێین ، هونەری ئۆپەرێت یەکێکە لەو هونەرە نوێیانەی ، کە بەتەکنیك و بەرگێکی نوێوە لەبواری شانۆدا هاتەکایەوە و توانی بەشێوەیەك لەشێوەکان و بەشێوەیەکی سەردەمیانە خزمەت بە کۆمەڵگە بکات و گڕوتینێکی زێتر بە ڕەوتی جیهانی شانۆ ببەخشێت .

## بەشی دووەم

## مێژووی هونەری ئۆپەرێتی کوردی

بێگومان ، سەرهەڵدانی هەر هونەر و بابەتێکی ئەدەبی لەنێو گەلانی جیهاندا وەکو یەك نییە و لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر جیاوازە ، تەنانەت لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاوازە ، هەروەها پێوەندی بە مێژووی کۆنی و نوێی ئەو میللەتەوە نییە ، بەڵکوپێوەندیی بە ڕادە و ئاستی هۆشیاریی و سەقامگیریی باری جڤاکی و سیاسی و فەرهەنگی و ئابووریی ئەو نەتەوەیەوە هەیە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیان و شارستانییەکەیدا ، بەڵام مخابن ، ئێمەی کورد،کە بە ڕای زۆربەیمێژوونووسانیخۆماڵی وبیانی یەکێکن لە نەتەوەکۆنەکانی جیهان دەبینین لەسەرهەڵدانی گەلێك بابەتی هونەری و ئەدەبی وەکو : (شانۆ ، چیرۆکی هونەری ، ڕۆمان ، سینەما ، ڕۆژنامەگەری ...هتد ) زۆر لەدواوەین و تەنانەت دەرکەوتنی هەندێك لەوبابەتانە هەرزۆرنوێیەو مێژووەکەی ناگەڕێتەوە بۆ سەدساڵێك ، جا ئیدی هەموو ئەوحاڵەتانە لەبەرهەرهۆکارێك بێت، ئەوە ڕاستییە و نکوڵی لێناکرێت .

---

[٥٧] س.پ.ل( ١٦٦ – ١٦٧ ) .

[58] عەبدوللا ڕەحمان عەولا ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، ل( ١٦٤ – ١٦٥ ) .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

ئەوەی ئێمەش لێرەدا مەبەستمانە هونەری ئۆپەرێتە ، هەربۆیە سەبارەت بەسەرهەڵدانی هونەری ئۆپەرێت لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا ،مخابن لەڕووی مێژووەوە خاوەن مێژوویەکی دێرین نییە و هونەرێکی نوێیە،ئەوەش ، کە هەیە سەرچاوەکەی زێتر دەگەڕێتەوە بۆسوودوەرگرتن لە بابەتە فۆلکلۆرییەکان ، ڕەنگە ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بێت ، کە خودی بابەتەکە بابەتێکی شانۆییی گۆرانی ئامێزە وجۆرێك سادەو ساکاریشی لەڕووی بەکارهێنانی کەرەسەزمانییەکانەوە پێوە دیارە زززهەرلە بارەیەشەوە (کەمال رەئوف محەمەد) دەڵێت :(( بەپێچەوانەی ئەدەبی چینی خوێندەوارەوە لەنێو کورددا ئەدەبی میللی بابەتی داستان و بەیت و لاوك و هۆنراوەی گۆرانی ئامێزی هەبووە ،کە بەسەرزاری گۆیندەکانی نێوکۆمەڵەوە بوون و گەلیش بەجۆشەوە گێڕاویەتەوە ...(مەم و زین ، خەج و سیامەند ، لاوکی قایغان ، لاس وغەزاڵ ، دەروێشی عەبدی ، گەنج خەلیل حەفسەد ) وێنەی ئەو بابەتانەن ، کەزۆریان بەدەم ئاواز ومۆسیقاوە ئەداکراون ، راستییەکەی ئەم یادگارە شیرینانە هەرچەندە بەشێوەی نواندن ، هەروەهابەبەشداری تەواوی کەسانی نێو بابەتەکانەوە، وەك ئافرەت نەخراونەتە بەرچاو، بەڵام شایەنی ئەوەن بەشێوەی ئۆپەرێتی میللی نێوببرێن ))[٥٩] .

لێرەدا وەك دەردەکەوێت ، وەکو ڕەگەز بابەتەکە لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا هەبووە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاری لەسەرکراوە ولەلایەن خەڵکییەوە بەشێوەیەکی سادە و ساکار بورجەستەکراوە ، واتە خستنەڕووی ئەوبابەتە فۆلکلۆری ومیللییانە بەو شێوە سادە و ساکارییەی بۆ ئەوسەردەم وقۆناغە مێژووییە ، گوزارشتە لەگەلێك ڕووداوی ژیان و نی، کۆمەڵگای کوردی ، کە دەکرێ وەکو سەرەتایەك ، یان هەنگاوێکی بەرایی بۆ سەرهەڵدانی هونەری ئۆپەرێتی میللی دابنرێن ، لەڕاستیدا هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی و کاریگەریی بەرچاوی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و میللی ، کە لەنێو جڤاکی کوردەواریدا بەهەند وەرگیراوە و ڕاستەوخۆ تێکەڵی ژیانی خەڵکی بووە و بۆتە بەشێکی زیندوو لە ژیانیاندا .

جا ئیدی بەمەبەستی زێتر تیشك خستنەسەر بابەتەکە و شەنوکەوکردنێکی بابەتەکە بەشێوەیەکی زانستیانە و هەڵدانەوەی رووپەلەکانی دیرۆکی شانۆی کوردی و بەتایبەتیش ئەم هونەرە نوێیە دەبینین دەرکەوتنی ئۆپەرێت سەرەتا و بۆیەکەمجار لە ١٩٢٥ لەشاری سلێمانی دابووە ، تەنانەت بەشێوەیەکی پەخشانیش بووە ، نەك هۆنراوە ، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە ، کە ((وریابوونەوەیەکی ڕۆشنبیریی بازێڕی سلێمانی لە ١٩٢٥ دا و گوڕێکی ئەدەبی و هونەری شانۆپەروەریدا هەڵکەوتووە ، هەرچی بەرهەمێکی ئەدەبی شانۆیی‌دانراو و وەرگێڕدراو هەیە تاسەرەتای پەنجاکانیش هەربەپەخشانی ئەدەبییەوە ،نەك هۆنراوە ، لەگەڵ هونەری شانۆ دواون، وێڕای ئەوەش ئاواز و مۆسیقاش چ کردەویەکی هەستپێکراو و کارامەی نەبووە ))[٦٠] ، بەڵام ئەوەی لەدووتوێی ئۆپەرێتی کوردیدا چ لەڕووی مێژووەوچ لەرووی دەقەوەبەرچاودەکەوێت و گەلێك لەشارەزایانی ئەوبوارە ئاماژەیان پێداوە ئەوەیە ،کەئۆپەرێت وەکو کارێکی هونەری و پیادەکردنی وپیادەکردنی لەنێو کۆمەڵی کوردیدا ، کە هەوڵیداوە شان بەشانی میللەتانی دەوروبەر هەنگاوبنێت ..مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٧لەشاری سلێمانیدا ، کە بە دەستپێکی ئەوهونەرە دادەنرێت ،و لەهەمانکاتیشدا بەشیعر بووە ، هەروەکو

[٥٩] کەمال ڕەئوف محەمەد ، هونەری درامای ڕادیۆی کوردی ، ل (٥٤٢) .
[٦٠] س.پ.ل (٥٤٣) .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

(کەمال رەئوف محەمەد)  دەڵێت : (( مێژووی سەرهەڵدانی هونەری ئۆپەرێت ، وەك بابەتێکی هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٧ ، کە یەکەم هەوڵ و کۆششیبۆدراوەبە نێوی ( دلاوەران )، کەلەلایەن شاگردانی قوتابخانەی یەکەمی سلێمانیەوە پێشکەشکراوە و بنچینەی بابەتەکەیشی پەخشانێکی فرانسەوی وەرگێڕدراوی ( مەحمود جەودەت )ی ڕۆشنبیرە ، کە نوری شێخ ساڵحی شاعیر خستوویەتیە قاڵبی هۆنراوەی سروودی نیشتمانی و مامۆستایەکی مۆسیقای سوپایی وفێرکەری شاگردانی قوتابخانەی یەکەمی سلێمانی ( عەبدولواحیدی ئاغا مستەفای کۆیی ) لەسەر ئاوازی فارسی بێگانە { دیشب کە مرا وضع  وطن در نظر آمد}ڕزاندوویەتیەوە . ))[٦١] ، بەڵام ( عەبدوللا رەحمان عەولا )) لەکتێبی ( شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردی دا )ەکەیدا دەڵێت:(( یەکەم ئۆپەرێتی کوردی لەشاری سلێمانی ، دەقی شیعری ( أینتیباه)ی(شێخ نوری شێخ ساڵح )ە، کە لەساڵی ١٩٢٧ نمایشکراوە، پاشان هەرهەمان ئۆپەرێت لەساڵی ١٩٥٤ لە (شەقڵاوە)ش جارێکی تر نمایش کراوەتەوە ))[٦٢] ، بەڵام لێرەدا ئەوە بەرچاودەکەوێت ، کە دەقەشیعرییەکەی شێخ نوری دەگەڕێتەوە بۆ کارە وەرگێڕانییە بەدەستکاریکراوەکەی شەهیدی هەڵوێست ( مەحموود جەودەت ) ، هەرلەوچوارچێوەیەدا ( حەمەی مەلاکەریم ) لەسەرزاری  (کاکەی فەلاح )یشاعیر لەلێدوانێکیدا سەبارەت بە بنچینەی هونەری ئۆپەرێت ، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و دەستپێشخەریی ( مەحمود جەودەت )ی شەهید ، کە( کاکەی فەلاح ) دوای هەوڵوماندووبوونێکی زۆر توانیویەتی ڕاستیی ئەو زانیارییانە بخاتەڕوو  و جەختیشی لەسەربکاتەوە ، هەروەکو دەڵێت : (( لەم مەیدانەدا شاعیر و نووسەر ( کاکەی فەلاح ) گەیشتە ئەوە ،کە بتوانێ پارچەیەکی پەخشان بدۆزێتەوە ، کە ناوەڕۆکەکەی بەتەواوی لەناوەڕۆکی  (دلاوەران )ئەچێ ، و شەهیدی ڕێگەی کوردایەتی خوالێخۆشبوو ( مەحمود جەودەت ) بەئیمزای خۆی ، وە لەژێرسەروتاری ( انتباە) دا لەژمارە (٢١)،(٢٢)ی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا بلاوکردووەتەوە ، کە لەمانگی ١٩٢٥دا دەرچووە وە لەپێشەوە نووسیوە ئەم گۆرانی یە لە گرف ژنە فرانسزێکەوە ، کە ناوی (ماری ژۆزەف شەنی)یەوە وتراوە و لەناو فرانسزەکاندا بووە بە گۆرانییەکی زۆر مەرغوب و مەشهور و میللی ))[٦٣] ...، کەواتە دەتوانین بێژین دەقە شیعری  (انتباە) بەیەکەم دەقی هونەری ئۆپەرێتی کوردی دادەنرێت و لەو مێژووەشەوە گەلێك لەشاعیران و نووسەران هەوڵیاندا و ئەسپی هونەری خۆیان تاودا و بەهەرشێوەیەك گونجاوبوو‌بێت گەلێك دەقی شیعریی جوانیانە بۆئەومەبەستە هونەرییە نوێیە هۆنیوەتەوە و لە ڕێگەی شانۆکاران و هونەرمەندانەوە نمایشکراوە و پێشکەش بە بینەرانی کورد کراوە ، نموونەی ئەو شاعیر و نووسەرانەش وەکو : ( گۆران ، کامەران موکری ، بێکەس ،شاکر فەتاح ،أ.ب.هەوری ...هتد )، بەلام بەلایگەلێك لەشارەزایانی کورد (گۆران) بەسەرمەشق و ڕابەرو دامەزرێنەریهونەری ئۆپەرێتی کوردی دادەنرێت و لەوبوارەدا گەلێك دەقی شیعریی جوانی ، وەکو: ( ئەنجامی یاران ، ئەنجامی ئەژدەهاك ، ماستاو ، جوقی یۆنسکۆ ، موحاکەمەی مام چەوەندەر ، جق و نق ...هتد ) لەدووتوێی هونەری ئۆپەرێتدا بەرچاودەکەون .

[٦١] س.پ.ل (٥٤٢) .

[٦٢] عەبدوللا رەحمان عەولا ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، ل( ٣٩٩) .

[٦٣] محەمەدی مەلا کەریم ،  پێداچوونەوەیەك بە ( دلاوەران )ی دیوانی( بێخود)دا ،گ:برایەتی ، ژ(١) خولیدووەم، ١٩٧٠،ل(١٨) .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

هەرلەم بوارەشدا ( کەمال رەئوف محەمەد )سەبارەت بەڕۆڵ وگرنگیی (گۆران)ی شاعیر دەڵێت : (( یەکەم هەنگاوی گۆران ، کە لای من دامەزرێنەری ئەم ئەدەبەیە ، وتووێژەی هۆنراوەیی (گوڵی خوێناوی١٩٣٤)، کە هەتا ساڵی١٩٤٦ لەشانۆکانی سلێمانی و هەولێردا ، وەك ( ڕەفیق چالاك)ی هونەرمەند دەگێڕێتەوە هەربەشێوەی وت و وێرە-دیالۆگ-ی شانۆیی پێشکەشکراوە ))[٦٤]، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا و تێپەڕبوونی کات هونەری ئۆپەرێت زیاتر سەرنجراکێشتر دەبێت وکاریگەریی لەسەرهزر و تێڕوانینی شانۆکاران و شاعیران ونووسەرانی کورد بەجێدەهێڵێت ، بەتایبەتیش لەساڵانی حەفتاکاندا ، کە بینەرێکی باش بۆ هونەری ئۆپەرێت دێتەکایەوە ، بەڵام ئەوەی هەیەبابەتەکە زێتر لەچوارچێوەی منداڵانەوە دەسوڕایەوە و بۆ ئەوانیش بەگەڕدەخرا ، هەروەکو ( بورهان قەرەداغی) دەبێژێت : (( هونەری ئۆپەرێت لەکوردستاندا بۆ قۆناغەکانی باخچەی ساوایان و پۆلەکانی بنەڕەتی وسەرەتایی بەکارهاتووە ))[٦٥] ، واتە لەزۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا لەلایەن هونەرمەندانەوە بەهەند ئاوڕ لەم هونەرە نوێیە درایەوە و بووە بابەتێکی گرنگ و بەهۆیەوە گەلێك دەقی ئۆپەرێتی جوان و سەرنجراکێش نمایش کرا بەتایبەتیش لەشاری سلێمانیدا ، هەروەکو(بورهان قەرەداغی)دەڵێت :

(( شانۆکارانی شاری سلێمانی لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا لە فیستڤاڵی چالاکی قوتابخانەکاندا ئۆپەرێتیان پێشکەشکردووە ، کە لەسەر ئاستی عێراق پلەی یەکەم و دووەمینیان بەدەست هێناوە ..))[٦٦] .

لەڕاستیدا ، بەدەستهێنانی ئەوئاستە بەرزە ، نیشانەی بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی هونەری ئۆپەرێت، لەلایەکی دیکەوە نیشانەی بەدەنگەوەهاتنی شانۆکارانی کوردە ، کە بە ئەوپەڕی دڵسۆزی وخەمخۆرییەوە ئاوڕیان لەبابەتەکە داوەتەوە و کاریان لەسەرکردووە ، لەهەمان کاتیشدا جێگەی متمانەی بینەران بووە .

هەرلەوچوارچێوەیەدا و بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی ئەم هونەرە نوێیە لەساڵانی حەفتاکاندا و تایبەتیش لەشاری سلێمانیدا ، کۆمەڵێکی بەرچاو لەنمایشی هونەری ئۆپەرێت دەبینن ، کە سەرکەوتووانە خراوەتە بەردیدەیبینەرانی کورد ، لەوانەش وەکو :

(( ١- ئۆپەرێتی :(نق و جق)ی(گۆران )- ئاوازی ( خالید سەرکار ) – دەرهێنانی ( عومەر عەلی ئەمین ) ١٩٧١ .

٢-ئۆپەرێتی: ( کۆتایی زۆردار )ی(گۆران) و ( شێرکۆ بێکەس ) – ئامادەکردنی ( غازی بامەڕنی)و( کاوەی ئەحمەد میرزا ) – دەرهێنانی ( بەدیعە دارتاش )-١٩٧٥ .

٣-ئۆپەرێتی: ( گوڵی خوێناوی)ی گۆران-ئاوازی (خالید سەرکار )دەرهێنانی ( ئیسماعیل مستەفا ) – ١٩٧٦ .

٤-ئۆپەرێتی :( بووکەبەبارانێ ) و( عومەر عەلی ئەمین ) – ئاوازی ( خالید دلێر )- دەرهێنانی ( سەلاح رەئوف)- ١٩٧٦ .

٥- ئۆپەرێتی :(خۆشەویستی زەوی )ی ( کاوەی ئەحمەد میرزا )-ئاوازی ( ولیەم یوحەننا )-دەرهێنانی ( تەها خەلیل )١٩٧٦ .

[٦٤] کەمال رەئوف محەمەد ، هونەری درامای ڕادیۆی کوردی، ل (٥٤٣) .

[٦٥] بورهان قەرەداغی ، شانۆی منداڵ ،ل(٢٤٣) .

[٦٦] س.پ ، ل (٢٤٣ ) .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٦- ئۆپەرێتی: ( لەخۆبایی )ی ( کاوەی ئەحمەد میرزا )ئاوازی ( خالید سەرکار )- دەرهێنانی ( وەزیرە عومەر صدیق )- ١٩٧٦ .

٧- ئۆپەرێتی: ( شادی )ی ( کاوەی ئەحمەد میرزا )- ئاوازی (فرەنسیس داود یوسف )- دەرهێنانی ( نەسرین نەجمەدین ) – ١٩٧٦ .

٨-ئۆپەرێتی:( کەژاوەی مێژوو)ی( ع.ع.شەونم ) – ئاوازی( ولیەم یۆحەننا )و( خالید سەرکار)و ( فرەنسیس داود) و ( سەڵاح رەئوف ) – دەرهێنانی ( بەدیعە دارتاش)- ١٩٧٧ . ))[٦٧].

٩-ئۆپەرێتی: ( مەرجی هاوڕێیەتی )- ئاوازی (موئەیەد قوستەنتین )- دەرهێنانی ( عبدالقادر مستەفا ) -١٩٨٠ .

١٠- ئۆپەرێتی: ( پێنووسی ڕووناکی) ی ( عوسمان چێوار )- ئاوازی ( خالید سەرکار) – دەرهێنانی ( عوسمان چێوار )و ( جیهاد دڵپاك ) – ١٩٧٨ .

١١- ئۆپەرێتی :( گوڵ و مۆسیقا )ئامادە و ئاوازی ( فرەنسیس داود یوسف )- دەرهێنانی (فازڵ قەساب )- ١٩٧٨ .

١٢- ئۆپەرێتی :( نەخوێندەواری ) ئامادە و ئاوازی ( نەسرین نەجمەدین ) و ( نیان حەمەڕەشید) دەرهێنانی( فرەنسیس داود یوسف ) -١٩٧٨ .

١٣-ئۆپەرێتی: ( جووقی یونسکۆ)ی( گۆران)- ئاوازی ( فەرەیدون دارتاش) ، دەرهێنانی (عوسمان چێوار ) – ١٩٧٩ .

١٤-ئۆپەرێتی :( دایك )ی (کاوەی ئەحمەد میرزا) – دەرهێنانی ( شەماڵ عەبدوڵلا)- ١٩٧٩.

١٥-ئۆپەرێتی: ( چواروەرز )ی( کاکەی فەللاح )و ( عەبدوڵلا میدیا )– ئاواز و دەرهێنانی (فرەنسیس داود یوسف ) – ١٩٧٩ .

١٦-ئۆپەرێتی :( شوان )ی( حەمەڕەشید هەرەس )- ئاوازی( خالید سەرکار )-دەرهێنانی (شەماڵ عەبدوڵلا ) - ١٩٧٩ .

١٧-ئۆپەرێتی :( دارستان )ی( جیهاد دڵپاك )- ئاوازی ( فرەنسیس داود یوسف )- دەرهێنانی (شەماڵ عەبدوڵلا )- ١٩٧٩ .

١٨-((ئۆپەرێتی: ( بەیتی ڕێزانکێ ) ی( سمکۆ ناکام – ئاوازی ( دلێر ئیبراهیم )- دەرهێنانی(عوسمان چێوار ) - ١٩٧٩ ))[٦٨].

١٩-((ئۆپەرێتی :( داپیرەی دانا )ی ( سمکۆ ناکام ) – ئاوازی ( سەڵاح رەئوف )-دەرهێنانی ( عوسمان چێوار ) – ١٩٧٩ ))[٦٩].

٢٠- (( ئۆپەرێتی : ( شادی )ی( کاوەی ئەحمەد میرزا )- ١٩٧٩ ))[٧٠] .

[٦٧] کاوەی ئەحمەد میرزا، شانۆی کوردی– سلێمانی لەدامەزراندنییەوە تا ڕاپەڕینی١٩٩١ ، چاپخانەی‌کارۆ ، سلێمانی ، ٢٠١١،ل(٤١–٤٦) .

[٦٨] سمکۆ ناکام، ڕێزانکێ ، گۆڤاری بەیان– ژ :(٥٦)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغداد ، ١٩٧٩،ل٢١ .

[٦٩] سمکۆ ناکام، داپیرەی دانا ، گۆڤاری بەیان – ژ :(٥٧)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغداد ، ١٩٧٩ ،ل٧.

[٧٠] کاوەی ئەحمەد میرزا، شادی ،گۆڤاری بەیان – ژ :(٥٧)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغداد ،١٩٧٩، ل٢٦.


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

٢١- ((ئۆپەرێتی : ( جەژن و دەوڵەمەندی شەڕ ) ی ( عەبدولرەزاق بیمار ) – ١٩٧٩))[٧١] .

**ڕۆڵ و پێگەی منداڵ لە هزر و تێڕوانینی نووسەران و شاعیرانەوە :**

وەك دەبینین ، هونەری ئۆپەرێت زێتر تایبەتە بە جیهانی منداڵانەوە ولەپێناوگەشەکردن ودڵخۆشکردنی منالآندا هاتۆتە ئاراوە ،بەتایبەتی لە قۆناغەکانی خوێندنی باخچەی ساوایان و سەرەتاییدا ، زۆرێك لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و نووسەران و شاعیران بەردەوام لەڕێی هەندێك لەبەرهەمەکانیانەوە هەوڵیانداوە خزمەت بەچینی منداڵان بکەن وبەدنیای دەرەوە ووایان لێبکەن ، کە هەست بەبوونی خۆیان وەك بەشێکی زیندووی نێو کۆمەڵەکەیان بکەن ، واتە بەهۆی ئەوەی ، کەمناڵ بەشێکی خویا وهەرەگرنگیی نێو خێزانە لەگەڵ بەرەوپێشەوەچوونەکانی قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵگادا ، نووسەرانو شاعیران بیریان لەوەکردۆتەوە ، کەزۆرجار لەدووتوێی لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەو بڵاوکراوە جۆریەجۆرەکاندا بەهەرشێوەیەك بێت وبیانکەنە هەوێنی گەلێك لە بنیاتی دەقەکانیان .

لەورووەشەوە ، گەررووپەلەکانی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی ، بەتایبەتی لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە هەڵبدەینەوە و گەشتێك بەنێو جیهانی لاپەڕەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەوسەردەمەدا بکەین ، دەبینین (( زۆرێك لەشارەزایان و نووسەرانی کورد هەوڵیانداوە بەرهەم بۆ منداڵان بنووسن و خزمەت بەنەوەی دوارۆژمان بکەن ، لەوانەش وەکو مامۆستا ( نەجمەدین مەلا )،کەلەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (ژین)هەموو هەفتەیەك چیرۆکێکی بۆ دەنووسین و بڵاوی دەکردەوە . هەروەها مامۆستا( شوکور مستەفا)ش کۆمەڵەچیرۆکێکی بەناوی (ئەنگیل کراڵچیف )ی لەتورکییەوە کردۆتە کوردی ))[٧٢] ، بێگومان هەموو ئەمانە هەربەمەبەستی خزمەتکردنی منداڵانی کورد بووە ، کە هیچی لە منداڵانی نەتەوەکانی دی کەمتر نییەو ئەوانیش مرۆڤنو شایانی ئەوەن خوێندنەوەی تایبەتیان بۆ بکرێت و هەست و نەستیان بەهەند وەربگیرێت، بەوەش منداڵان لەڕووی دەروونییەوە هەستدەکەن بەشێکی دانەبڕاو و زیندووی کۆمەڵن و هیچیان لە تاکەکانی کۆمەڵ کەمتر نییە ، جا هەموو ئەو بڵاوکراوانەش لە هەرقاڵب و شێوازێکی هونەرییدا بێت بەنموونەی ( شیعر،چیرۆك ، شانۆ ، ئۆپەرێت ) هەرهەموویان بەهەرشێوەیەك بێت ، کەم تازۆرسوودیان بەمناڵان گەیاندووە و چاوی منالآنیان کردۆتەوە ، هەرچەندە ئەگەر هەندێك لەوبەرهەمانەش لەڕووی تەکنیکەوە ، یان ناوەڕۆکەوە لاوازییان پێوە دیاربێت ،ڕەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆئەوەی ، کە (( هەندێك لەو نووسەران و شاعیرانە لەڕووی دەروونناسی منداڵانەوە شارەزاییەکی باشیان نەبووە ، تەنانەت زۆرجاریش وشەیان بەکارهێناوە منداڵ تێی نەگەیشتووە و لە جیهانی منداڵانەوە دووربووە ، بەڵام دیسانەوە ئەگەر بەرێژەیەکی بەرچاویش منداڵان هەرنەبووبێت سوودیان لێ بینیوە ))[٧٣]، هەروەها هەندێکجاریش گەلێك لە شاعیران و نووسەرانی کورد هەوڵیانداوە لەدووتوێی لاپەڕەکانی گۆڤار و

[٧١] عەبدولرەزاق بیمار ،جەژن و دەوڵەمەندی شەڕ ، گۆڤاری بەیان – ژ :(٥٧)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغداد ، ١٩٧٩ ،ل٢٦.

[٧٢]محەمەد ڕەشید فەتاح ، ئەدەبی منداڵان و نموونە و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی منالآنی کورد ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی ، بەغداد ، ١٩٧٤ ،ل(٢٩) .

[٧٣]مظفر مصطفی اسماعیل ، روخسار وناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١١،ل(٦٣) .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا هەردووبابەتی ژن و مناڵ پێکەوە گرێ بدەن و قسەیان لەسەربکەن بەتایبەتی لەقۆناغە سەرەتاییەکانی دەرچوونی ئەو بڵاوکراوانە لەسەرەتاکانی سەدەی ڕابوردوودا((ئەوەش لەبەرئەوەبووە ، کە ئافرەتی جاران زۆربەیان ئافرەتی ماڵەوە بوون وزیاتر پەروەردەکردنی منداڵانی لە ئەستۆدابووە ))[٧٤] ،بەڵام لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ژیانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیو ئابووری و شارستانیەتی کۆمەڵگای کوردیدا بەتایبەتی لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردووداو گۆڕانی بارودۆخە سیاسییەکە و تاڕادەیەك سەقامگیری ، هەوڵەکانی نووسەران و شاعیرانی کورد دەربارەی ڕەوشی ژیانی منداڵان بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆیەوە بینی و زیاتر کاری لەسەرکراوە و زۆردەقی تایبەتیان بۆ تەرخانکراو لەدووتوێی کارو چالاکییەکانی قوتابخانەکاندا بەبایەخەوە لەسەر مناڵان کراوە و لەلایەن تیپە ڕۆشنبیری و شانۆییەکانەوە بەبەشداری مناڵان وهونەرمەندان گەلێك دەقی ئۆپەرێتی بەرز و بەنرخ ، کە هەرهەموویان هەڵقوڵاوی ناخی ژیانی مناڵان و ڕەنگدانەوەی باری دەروونیان بۆ پێشکەشکراو و بەوهۆیەشەوە گەلێك لەومناڵەئازیزانە و هونەرمەندان خەڵاتکران و کار و چالاکییەکانیان بەرز نرخێنران .

یەکێکیش لەو بەرهەمە بەپێز وکاریگەرانە دەقی ئۆپەرێتی( داپیرەی دانا )ی (سمکۆناکام )ە،کەبەسوودوەرگرتن لەبابەتەکانی فۆلکلۆر و ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵی کوردی بنیاتی دەقەکەی داڕشتووە، بەتایبەتی ئەدەبی فۆلکلۆر ، کە خاوەنی زمانێکی سادەیە و تێگەیشتنی ئاسانە وزووش لەبەردەکرێت و ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەرتوێژی مناڵان دروستدەکەن ، واتە (( ئەدەبی منداڵان بەگشتی ڕەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ حەقایەتە ئەفسانەیی و فۆلکلۆرییەکان ئەوانەی داپیرەکان بۆ کوڕەزاکان و کچەزاکانیان دەیانگێڕنەوە ،تابیانخەنە خەو ، یان لەشەوانی ساردی زستاندا کاتی پێ بەنەسەر ))[٧٥]و لەگەڵ ئەوەشدا ، هەرهەموو ئەوبابەتانە پڕن لەجۆرەها پەند و ئامۆژگاری و وانەی ڕەوشت جوانیی کوردەواری ، کە لەگەڵ حەز و خولیا و ئارەزووەکانی مناڵاندا دەگونجێت .

لەو چوارچێوەیەشدا ( سمکۆ ناکام)یش وەك هونەرمەندێکی سەرکەوتوو توانیویەتی سوود لە هەندێك ڕەگەز وبابەتە فۆلکلۆرییەکانی کۆمەڵی کوردەواری ی وەربگرێت و بیداتەوە بە مناڵانی سەردەمەکەی و لەشێوەی نمایشێکی شانۆییدا پێشکەشیان بکات .

**<u>ڕەگەزەکانی بنیاتی هونەری ئۆپەرێتی : ( داپیرەی دانا ) :</u>**

بەمەبەستی زێترتیشك خستنەسەر بنیاتی دەقەکە لەڕووی تەکنیکەوە زززبەپێویستمانزانی بەشێوەیەکی زانستییانە هەڵسەنگاندنێکی وردی بۆبکەین و هەریەکەیان بەجیا شیبکەینەوە وڕەگەزە بەشداربووەکانی بخەینەڕوو ، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ڕوخسار دیوێکی گرنگیی بنیاتی دەقە و هەرهەموو ڕەگەزەکانیشی گرێدراوی یەکن و تەواوکەری یەکن ، لەوانەش وەکو :

١- ڕەگەزی کات

---

[٧٤] س،پ،ل(٦٥) .

[٧٥] ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی ، ئەدەبی مناڵان لەگۆڤاری گەلاوێژدا ، گ ( ڕامان ) ، ژ(١٧)،ل ٧.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەهۆی کات ڕەگەزێکی گرنگیی بنیاتی هەردەقێکی ئەدەبییە وسەرجەمڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێودەقەکە تێیدا دەسوڕێتەوە و بنیاتی دەقەکەی لەسەر دادەڕێژرێتو ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەستنیشاندەکات ، بەڵام دانان و ڕەنگدانەوەی کاتیش لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی دی دەگۆڕێت و جیاوازە . بۆنموونە لە هەندێك دەقدا کات بەشێوە کلاسیکییەکە دانراوە ، کە خۆی لەڕیزبوونی یەکلەدوای یەکی کاتی ڕووداوەکاندا دەبینێتەوە ، کەچی لە هەندێك دەقی تردا ، کە لەسەر بنەمایەکی شێوازی نوێی گێڕانەوە بونیاتنراوە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، کە نووسەر (( ئازادە لەشێوەی دابەشکردنی کات ...ئەمەش پەیوەستە بەلایەنە هونەرییەکە و چۆنیەتی دابەشکردنی کاتەکە بە پێی شێواز و ڕێکخستنی ڕووداوەکان ،کە بەندە بەئیستاتیکای دەقەکە))[٧٦] ،واتە بەهۆی گۆڕانی تەکنیك و سەردەمی نووسینی دەقی چیرۆکەوە لەسەردەمی نوێدا ،ڕەوتی کاتیش گۆڕانکاری بەسەردادێت بەتایبەتیش ((لەچیرۆکی نوێ ورۆماندا ، کە تیایدا کات تێکدەشکێنرێت و چیرۆکنووسیش بەهەوەسی خۆی یاری پێدەکات ))[٧٧] .

هەرسەبارەت بەبوون و ڕەنگدانەوەی ڕەگەزی کات لە بنیاتی دەقدا ( پەرێز سابیر ) دەڵێت : (( کات لەڕووی هەبوون و هەستپێکردنی کەسەکانەو دوو جۆرە، یەکێکیان دەرەکی و ئەوی دیکەیان ناوەکییە ، دیارترین تایبەتییەکانی ئەم کاتەمادییە دەرەکییە ، ئەوەیە ، کە کاتەکە تایبەتی وخودی نییە و ناتوانێت بەهۆی شارەزاییەوە دیاریبکرێت و دەتوانرێت بیژمێرین و لە پرۆسەی ڕێکخستنی پێوەندییەکاندا بەکاری بهێنین ، واتە مانا ڕووتەکەی کات ئەوەیە هەمیشە بەرەوپێشەوە دەڕوات ))[٧٨] ، کاتەکەش وادەردەکەوێت، کە کاتی ڕووداوەکان وەکئەوەوایە بەڕاستی ڕوویانداوە ، بەڵام کاتی ناوەکی ، یان (خودی) یان (دوروونی) (( ئەو کاتەیە ،کە دەچێتە ژێرباری سیستمەکانی چیرۆك ، یان دەقی گێڕانەوەیی ))[٧٩]، وپێوەندی بە ناوەوەی کەسەکانەوە هەیە وماوەکەی چڕ و کۆکراوەیە و لە جۆری کەسەکان و هەستپێکردنیان بەرجەستە دەکرێتو بە گوێرەی ئەم جۆرە کاتە (( خوێنەر دەچێتەناو مێشکیکەسانی ناو چیرۆکەکە وکێشە و گرفتەکانی دەروونیان هەمووی لا ئاشکرا دەبێت ))[٨٠]، لەڕاستیدا، ئەوەش یارمەتی نووسەر دەدات لە وێناکردنی هەڵوێست و هەست و نەست و سۆز و خرۆشی کەسەکان، بەڵام بەهۆی کەم تەمەنی و کەم ئەزموونی منداڵانەوە، منداڵان ئەم جۆرە کاتە زۆر هەستی پێ ناکەن و بەرچاو ناکەوێت.

---

[٧٦] ئاریانا ئیبراهیم ، شێوازە ئەدەبییەکانی ڕۆژنامەی خەبات ٢٠٠٣ – ٢٠٠٦ ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر ،٢٠١١ ،ل١٤٠ .

[٧٧] مظفر مصطفی اسماعیل ، روخسار وناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت ، ل(٧٦ ) .

[٧٨] پەرێز سابیر ، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی ، دەزگای سەردەم ، سلێمانی،٢٠٠٠ ، ل ٢٨٠–٢٨١ .

[٧٩] ئاریانا ئیبراهیم ، شێوازە ئەدەبییەکانی ڕۆژنامەی خەبات ٢٠٠٣ – ٢٠٠٦،ل١٤٢ .

[٨٠] س،پ،ل (١٤٣).


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کەواتە لەگەڵ هەموو جۆرە جیاوازەکانی کاتدا، کاتی منداڵ تایبەتمەندی و شێوازی دیاریکراوی خۆی هەیە و جیاوازە لە کاتی کەسانی گەورە و بەتەمەنەکان. لەو ڕووەشەوە (خالدە قادر فەرەج) لە نامەی ماستەرەکەیدا (چیرۆکی منداڵانە لە ئەدەبی کوردیدا ١٩٧٠-١٩٩٠) دا (٣) جۆرەکانی لە بنیاتی چیرۆکی منداڵاندا دەستنیشان کردووە، کە بریتین لە:-

١- کاتی فیزیکی، یان سروشتی: بریتییە لە هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆر و پەیدابوونی شەو و ڕۆژ و وەرزەکانی ساڵ.

٢- کات لە ڕووی مێژووییەوە: ئەمەش بریتییە لە کاتی ڕابردوو (دوور و نزیك) و کاتی ئێستا و داهاتوو.

٣- کاتی دەروونی و فسیۆلۆجی، کە لە چیرۆکی منداڵاندا ئەوەندە هەستی پێ ناکرێت و بە ڕوونی دەرناکەوێت))[81]. ئەوەش بەهۆی سروشت و پێکهاتە و تەمەنی منداڵان و گەورە لە یەکتر جیاوازن، هەربۆیە دەبێت ئەدەبەکەشیان جیاواز بێت.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، ئەوەی زیاتر هەستی پێ دەکرێت لەڕووی هەبوونی کاتەوە لە ئەدەبیاتی منداڵاندا ئەوەیە کە زۆربەی کاتە بەکارهاتووەکان باس لە کاتی ڕابردوو دەکەن. وە هەندێکجاریك بەپێی پێویست ئاماژە بە کاتی ئێستا دەکرێ، بەڵام زۆرکەس باس لە کاتی داهاتووکراوە. لەو ڕووەشەوە گەر تەماشای بتنیاتی کاتی بەکارهاتوو بکەین لە دەقی (داپیرەی دانا) دا دەبینین، کاتی چیرۆکەکە فیزیکییە و کاتی دەروونی تێدا نییە، بەڵام کاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە لە کاتی ئێستادایە و گێڕەڕەوە، کە (داپیرە)یە لە میانی گێڕانەوەی چیرۆکەکە هەنگاو بەرەو کاتی ڕابردوو دەنێت و لەوێوە بەهۆی سودوەرگرتن لە تەکنیکی (فلاش باك) دەست پێدەکات، هەر وەکو دەڵێت:-

(( لەو جەنگەڵەدا ئەژیان بە شادی
بەسەریان ئەبرد ژینی ئازادی))[82]

بەڵام بەهۆی پێویستی بەشداریکردنی کۆمەڵێك مناڵەوە،کە (داپیرە)بگێرەرەوە بە چیرۆکەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە ، دەبینین گێڕەرەوە لەسەرزاری مناڵەکان وێنەی کاتی ئێستامان بۆ دەکێشێتولەوێشەوە بەرەو داهاتوو ، بۆیە لەنێوپرۆسەی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا ، واباشترە بەڕاستی مناڵان فێربکرێت ،چونکە مەبەستی سەرەکی لە چیرۆکەکە پەروەردەکردنیانە بەشێوەیەکی و سەردەمیانە :

(( مناڵان : مناڵ نین ئێستا ، ئیتر لەمەودوا
ئێمـــە گیانداریـن ، دارســـتان نشــین
لەناو جەنگەڵدا بەسەرئەبەین ژین

[81] خالدە قادر فەرەج، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، ١٩٧٠–١٩٩٠، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٩، ل ٧٨ .

[82] سمکۆ ناکام، داپیرەی دانا ، گۆڤاری بەیان – ژ :(٥٧)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغداد ، ١٩٧٩ ،ل٧.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

بــەڵام وریــابن هــەی بێ بــەڵا بن

کــاتی ئـاگــاداریە !

هەرچی ئەکەین یاری یە ! ))[83] .

ئیدی بەم شێوەیەیە،گێڕەرەوە لەسەرزاری کۆمەڵێك باڵندە ، لەگەڵ مرۆڤێكدا ، كە ڕاوچییە ، بەبێ ڕەوتی ڕووداوەكان ڕۆڵ دەبینن و دەردەكەون ،دەست دەكات بە گێڕانەوە و خستنەڕووی كاتی چیرۆكە شانۆییەكە ، كە لە بنچینەدا سەرجەم ڕووداوەكان بەسەرچووە ولەرابوردوودا ڕوویانداوە ، بەڵام ئەوەی هەیە كاتی گێڕانەوەكە لەكاتی ئێستادایە ، واتە (( كاتی گێرانەوە ، ئەوكاتەیە ، كە ڕووداوەكانی ناوچیرۆكەكەی پێ گێڕدراوەتەوە ))[84]....:

(( سوێسكە :ڕاوچی !!ئاگام لەخۆم نەبوو تیرێكی تێ گرتم ، پاڵمێ لەجووڵە خست ، بەهەڵەداوان توانیم خۆم لەچنگی دەربازبكەم ! ))[85] .

شایەنی باسە، مۆركی گێڕانەوەی كاتی ڕووداوەكان لەشێوەی چەند زنجیرەیەكی یەك بەدوای یەكدا هاتووە و لەهێڵێكی ڕاستدا لەڕابوردووەوە بۆ كاتی ئێستا و هەندێكجاریش بەرە و ئاییندە دەڕوات .

(( هەڵۆ : هەرچیش بەرەنگاری ئەبێتەوە

بەدەستی بەتاڵ ناگەڕێتەوە

كەروێشك : بۆ هەست بەئازارمان ناكا و

لەم جەنگەڵە ناكشێتەوە ))[86]

بەڵام وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا زۆربەی كاتی گێڕانەوە زێتر لە دوو توێی كاتی ئێستادا دەسوڕێتەوە .

(( گا : چارە ...چارە ... ئاسانترە لەوەی تێی ئەگەن... ئاوەرە كەركەدەن برۆ بگەرێ ...ناودارستان پشكنە بێ قرە ، كە ڕاوچیت دی پەلاماری دە و ورگی هەڵدڕە ))[87] ، هەروەها هەندێكجاریش گێڕەرەوە بەهۆی پێویستی ڕەوتی ڕووداوەكانەوە هەنگاو بەرەو ئاییندە دەنێت .

(( شەشمە : هەرچییەك ، ورتەیەك، جووڵەیەك ، ئەم سەرەوسەرێ لەناو دارستاندا ڕوویدا ، هەرئەوەندەی بڵێی یەك و دوو خێرا ئەی گەیەنن بە جەنابتان ))[88] .

لێرەدا وەك دەبینین ، قسە و بەرنامەدانانەكا بۆ كاتی ئاییندەیە ، چونكە لەدووتوێی قسەكانەوە دیارە ، بەڵام بەهۆی ئەوەی شێوەزارەكە كرمانجی ناوەڕاستە (سۆرانی )، نیشانەی ئێستا وداهاتوو وهەروەكو یەك وایە و وشە و دەستەواژە و ئامڕازی تایبەتی نییە ، تەنها لە هەندێكجاردا نەبێت ، كە بەهۆی هەندێك ئاوەڵكرداری

---

[83] س، پ، ل (٧) .

[84] نەجم خالید نەجمەدین ئەلوەنی ، بینای كات لە سێ نموونەی ڕۆمانی كوردیدا ( ژانی گەل ، شار ، ڕاز)، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٤ ، ل(٥٥) .

[85] سمكۆ ناكام، داپیرەی دانا ، ل(٧) .

[86] س، پ، ل (٧) .

[87] س، پ، ل (٨) .

[88] س، پ، ل (٩) .



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کاتی وەکو ( سبەینێ ، دوایی ،دووڕۆژی تر .... ) دەتوانرێت کاتی ئایندە لە کاتی ئێستا جیابکرێتەوە ، بەوەش هەندێکجار لەجیاتی بنیاتی هەندێك دەقدا دەبینین (( لەنێو ئەو کاتە دیاریکراوەشدا چەندین کاتی دیکە دەستنیشان دەکرێن وسنووری کاتەکە فراوانتر و مەودا درێژ دەکەن ))[89] ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجاریش ڕەوتی کاتی ڕووداوەکە لەکاتی ئێستادا بەرەو ڕبوردوو دەگەڕێتەوە :

((سوێسکە : ئەی ئەوە ئاسك لەگەڵ ئێوەدا نەبوو ؟ کوا ؟

شەمشەمە : ئا ..ئاسك ؟بەیەکەوە چووین بۆ پیاسە ، بەڵام ئەو زوو ئێمەی بەجێ هێشت ))[90] .... لەڕاستیدا بەهۆی ڕەوتی ڕووداوەکانەوە دەبینین ، ڕێڕەوی کاتەکانیش ئارەستەکانیان دەگۆڕێت ، ئەوەش بۆتەهۆی ئەوەی مەوداو ڕەهەندەکانی کاتیش درێژتر و بەرفراوانتر ببێت ، واتە ئاراستەی کاتەکان لە نێوان ڕێڕەوە باوەکەیدا (ڕابردوو ئێستا داهاتوو) گوزەردەکات و ئاڵوگۆڕ دەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕەگەزی کاتی بەکارهاتوو لە چوارچێوەی خولگەی کاتە فیزیکیەکەدایە وبە هیچ شێوەیەك کاتی دەروونی بەکارنەهاتووە، چونکە سروشتی منداڵ لەو قۆناغەی تەمەنیدا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە ڕێگەی بارە دەروونییەکەوە مەزەندەی شتەکان و کاتەکان بکات و لێکدانەوەیان بۆ بکات. لە لایەکی تریشەوە، بیرمان نەچێت، کاتی نمایشکردنی دەقیشمان هەیە، کە تیایدا کات ئێستایە و دەقەکەش لەسەر تەختەی شانۆ نمایش دەکرێت لەلایەن ئەو ئەکتەرانەی کە لە دەوری ئاژەڵ و باڵندەن و ڕەوتی کاتی ڕووداوەکانیش زیاتر لە نێوان ( ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو)دایە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کاتی نمایش سنوردارە و دیاریکراوە و لە شوێنێکی دیاریکراویشدا، کە هۆڵی شانۆیە پێشکەش دەکرێت. لە بەرامبەریشدا بینەران ڕاستەوخۆ بە زیندوویی لەو کاتە دیاریکراوەدا بابەت و ڕەگەزەکانی تری هونەری بنیات وەردەگرن و واتاو دەلالەتەکانی لێکدەدەنەوە. بێگومان ((بەوەش کات بەهایەکی زێدەتر وەردەگرێت، چونکە لەیەك کاتدا بینەر زانیارییەکان وەردەگرێت و پرۆسەی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەکانی لە هەمان ئەو کاتەدا دەست پێدەکەن و هەموو شتەکانی دیکە و پابەندی ئەو کاتە دیاریکراوە دەبن))[91] بە واتایەکی دی، هەموو ڕەگەزە بەشداربووەکانی بنیاتی دەق لەو کاتە دیاریکراوەدا کار لەیەکتر دەکەن و پێکەوە خۆیان بەرجەستە دەکەن.

**ڕەگەزی شوێن**

شوێن، یەکێکە لەو ڕەگەزە گرنگانەی کە هەمیشە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانەوە هەبووە و مرۆڤ بەهۆیەوە خەسڵەتەکانی خۆی تێدا دەنەخشێت. لەهەمان کاتیشدا بە یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی بنیاتی دەق دادەنرێت، لە نێویشیاندا هونەری شانۆ، کە بەبێ بوونی شوێن بنیات نانرێت و نمایش ناکرێت.

بە واتایەکی تر (( هەر دەقێکی ئەدەبی،گەر پێگەی شوێن خۆی ون بکات، ئەوا تایبەتمەندێتی و ڕەسەنایەتی خۆی لە دەست دەدات))[92] چونکە بوونی شوێن لە دەقدا مەودا و ڕەهەندێکی گرنگ بە ڕووداوو کارەکتەرەکان

---

[89] سابیر ڕەشید ،ڕۆمانی کوردی– خوێندنەوەو پرسیار – بەشیەکەم ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ،٢٠٠٧ ، ل٢٢٠ .

[90] سمکۆ ناکام ، داپیرەی دانا ، ل (٩)

[91] عەبدوللا ڕەحمان عەولا ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، ل٣٦٢ .

[92] جاستون باشلار، جماليات المكان ، ت ،غالب هلسا ، دارالحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٨٠، ص(٦) .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

دەبەخشێت و لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانیشدا دەبینێت. واتە ((شوێن ئەو چوارچێوەیەیە، کە تیایدا ڕووداوەکان ڕوودەدەن))[93] لێرەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شوێن لە توانایدایە هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی بنیاتی دەق لەخۆبگرێت و هەمووشیان تەواوکەری یەکترن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بوونی شوێن ڕۆڵ و گرنگیەکەی لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر دەگۆڕێت. بۆ نموونە لە چیرۆکی منداڵان و شانۆگەری منداڵاندا ((دەبێت شوێنەکە لەگەڵ ژینگەی تەمەنی منداڵەکە بگونجێت و کاتێك منداڵێك چیرۆکێك دەخوێنێتەوە، یان بۆی دەخوێنرێتەوە، بە ئاسانی ئەو شوێنانە بناسێتەوە کە لە چیرۆکەکەدا ئاماژەیان پێکراوە))[94] بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت نوسەر لە دیاریکردنی شوێندا لە بنیاتی دەقەکەیدا، بە وریایی و ئاگاییەوە مامەڵە بکات، تا کاریگەری نەرێن لە زیهن و مێشکی منداڵاندا دروست نەکات و خەیاڵیان بەرەو شتی نادیار و خراپ نەبات. واتە نوسەر زۆر نەکەوێتە ناو وردەکاری یەوە لە خستنەڕووی شوێندا، بەڵکو زیاتر ئاماژە بەو شوێنانە بکات کە لە ژینگەی منداڵەوە نزیکن و واقیعین، ((چونکە منداڵدەیەوێت لە واقیعی خۆی و دەوروبەرەکەی تێبگات))[95] بۆ نموونە وا باشترە، شوێنەکە شوێنێکی واقیعی بێت، تا ئەوەی خەیاڵی بێت، بۆیە نووسەر لە هەڵبژاردنی شوێنی واقیعی دا، دەبێت شارەزاییەکی باشی هەبێت.

سەبارەت بە بوونی ڕەگەزی شەێنیش لە دەقی (داپیرەی دانا)دا، دەبینین نووسەر چەند جۆرە شوێنێکی بەکارهێناوە. لەوانەش وەکو: (ماڵ، دارستان، تەختەی شانۆ) کە هەر هەموویان شوێنی واقیعین، بەڵام هەندێکیان شوێنی تایبەت و داخراون، لەوانەش وەکو (ماڵ) هەر وەکو تیایدا (داپیرە) لەسەر داوای منداڵەکان کۆبۆتەوە و چیرۆکێکیان بۆ دەگێڕێتەوە. واتە ئەو شوێنە ((ڕووبەرێکی دەست نیشانکراوە و تایبەتە بە کەسێك، یان چەند کەسێکی دیاریکراو و هەموو کەسێك لە بەکارهێنانیدا ئازاد نییە))[96] :

((منداڵانە: هۆ داپیرە، پیری زانیار

ژیری و دنیا دیدەی ڕۆژگار

هاتووینەتە لات وەکو شەوان، شەو درێژە

بەسەرهاتێ، یان چیرۆکێکمان بۆ بێژە))[97]

ئیدی(داپیرە)ش بەو شێوەیە دەست دەکات بە گێڕانەوەی چیرۆکێك و بەسەرهاتێکی منداڵانە و بەهۆیەوە ئاماژە بە شوێنی ڕووداوەکە دەکات، کە (دارستان)، ئەویش شوێنێکی گشتی و کراوەیە و سروشتییە و بەهۆشیەوە کەشی نێو دەقەکە پێکدەهێنێت :

((داپیرە: ئەگێڕنەوە بەر لە ئێستا دارستانێ بوو

---

[93] سیزا قاسم ، بناء الرواية ،مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب ، مصر، ١٩٨٤، ص(٧٦) .

[94] مظفر مصطفى اسماعيل ، روخسار وناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت ، ل(٨٣ ) .

[95] خالده قادر فەرەج ،چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، ١٩٧٠-١٩٩٠، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٩، ل ٧٣ .

[96] یاسین ڕەشید حەسەن ،ناوەڕۆك و تەکنیك و درامای کوردی ١٩٩١- ٢٠٠٢ نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان ، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٦١ .

[97] سمکۆ ناکام ، داپیرەی دانا ، ل (٧).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەرچی گیانلەبەر هەیە تیادابوو

لەو جەنگەڵەدا ئەژیان بە شادی

بەسەریان ئەبرد ژینی ئازادی))[٩٨]

پاشان لەگەڵ بەردەوامی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، پێگەی شوێن لە دارستان و جەنگەڵەوە دەگۆڕێت بۆ تەختەی شانۆ و تیایدا نمایشەکە دەست پێدەکات و((دەکرێت بە دوو بەشەوە، تەختەی شانۆ، کە ئەکتەرەکان دەقەکەی تێدا دەنوێنن و هەروەها شوێنی دانیشتن. بینەرانیش))[٩٩] بەوەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شوێنی شانۆیی شوێنێکی دیاریکراو و سنوردارە.

((سوێسکە، دێتە سەر شانۆ، تیرێکی پێوەیە

ئەی هاوار....پێ کرام....فریام کەون

(گیان داران بە پەلە دەورەی لێ ئەدەن) .....))[١٠٠]

ئیدی بەو شێوەیە سەرجەم گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان لەسەر تەختەی شانۆ دەگێردرێنەوە و نمایش دەکرێن، پاشا جارێکی دیکە و دوای تەواوبوونی نمایشەکە، نووسەر ئاماژە بە ماڵی (داپیرە) دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ ئەوێ.

**ڕەگەزی ڕووداو**

یەکێکی ترە لە ڕەگەزە گرنگەکانی بنیاتی هەر دەقێکی چیرۆك، کە بەبێ بوونی ڕووداو، هیچ هیچ دەقێکی چیرۆکی بوونی نابێت. ڕووداویش ((بریتییە لەو کردەوە و تەنگو چەڵەمانەی، کە ڕووبەرووی کەسانی نلو چیرۆکەکە دەبنەوە و بەشێوەیەك دەخرێتە ڕوو، کە سەرەتاو ناوەند و کۆتایی هەبێت))[١٠١]، یان ((بریتییە لەو زنجیرە گۆڕانەی بەسەر ڕەوشتی کەسەکاندا دێت لە پێوەندی و کارلێك کردنیان لەگەڵ ئەو شوێنەی تێیدا دێن و دەچن))[١٠٢].

لەو چوارچێوەیەشدا، شاعیران و نووسەران، بەپێی جۆری ئەو ڕووداوانەی هەڵیدەبژێرن، بنیاتی دەقەکانیانی لەسەر هەڵدەچنن و دواتر بەهۆی گێڕانەوە و هونەرەکانی گێڕانەوە دەیانکەن بە ڕووداوی هونەری و لە چوارچێوەیەکی هونەریدا دایان دەڕێژنەوە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاو بێت، کە جۆری ئەو ڕووداوەی لە بنیاتی دەقی منداڵاندا بەکاردێت، وا باشترە ((لە ئاستی تەمەنی منداڵدا بێت، بۆ ئەوەی لێی تێبگات و نابێت ڕووداوی زۆر لەناو چیرۆکێکدا ڕووبدەن، نەوەك منداڵ سەری لێ تێك بچێت و بەهەرسکردنی ئەو هەموو ڕووداوە ڕانەکات و بێزاربێت))[١٠٣] ، بۆ ئەو مەبەستەش، نووسەر دەتوانێت سود لە چیرۆکی میللی و ئەفسانەییەکانەوە وەربگرێت، بە تایبەتیش بابەتە خەیاڵیەکان، چونکە توێژی منداڵان زیاتر ((حەزیان لە

---

[٩٨] س،پ،ل(٧) .

[٩٩] عەبدوڵڵا ڕەحمان عەولا ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، ل٣٦٢ .

[١٠٠] سمکۆ ناکام ، داپیرەی دانا ، ل (٧).

[١٠١] ئاریانا ئیبراهیم ، شێوازە ئەدەبییەکانی ڕۆژنامەی خەبات ٢٠٠٣ – ٢٠٠٦،ل١٣٨ .

[١٠٢] شوکریە ڕەسوڵ(د) ، شێوازە ئەدەبیەکانی ڕۆژنامەی خەبات ، ٢٠٠٣– ٢٠٠٦ ، ل(١٣٨) .

[١٠٣] مظفر مصطفی اسماعیل ، روخسار وناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت ، ل( ٩٠ ) .



e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

چیرۆکی خەیاڵییە، تا ڕادەیەکیش دەتوانین بڵێین لە هەموو قۆناغەکانی تەمەنیان ئەم سیفەتەیان بەسەردا زالە))[١٠٤] لەو ڕووەشەوە گەر تەماشای جۆری ئەو ڕووداوە بکەین، کە لە دەقی (داپیرەی دانا)دا ڕەنگی داوەتەوە، دەبینین نووسەر سەرچاوەی چیرۆکەکەی لە بابەتێکی فۆلکلۆری وەرگرتووە، کە لەسەر زمانی ئاژەڵان و باڵندان خراوەتە ڕوو :

((داپیرە: کزەی جەرگانم دڵتان ناشکێنم

به داستانی خۆش ئەتان لاوێنم

بەڵام نامەوێ چیرۆکی ئەمشەو

پێڵووتان قورس کاو بتانکاتە خەو

هۆشم بدەنێ چاك گوێ ڕاگرن

لەم چیرۆکەدا پەندێ وەرگرن

ببێ بە عیبرەت تا ڕۆژێ ئەمرن))[١٠٥]

لێرەدا وەك دەبینین گێڕەرەوە ، کە (داپیرە)یە و ژنێکی بەتەمەن و خاوەن ئەزموونە دەیەوێت لەڕێی ڕووداوێکی لەمێژینەوە ، کە ڕووداوێکی ناخۆش و دڵتەزێنە و ئەنجامێکی خراپی هەبووە ، ئامۆژگاریی منداڵەکان دەکات و مەبەستێتی ئەوڕووداو و کارەساتە ناخۆشە دووبارە نەبێتەوە و پەند و ئامۆژگاری لێ وەربگرێ ، ئەوبابەتەش خیانەت و ناپاکی و دووڕوویيە لە هاوڕ و هاونیشتیمانیانی نەتەوە ، بۆیە هەرکەسێك ئەوکارە نەگریسە ئەنجامبدات ، هەمیشە وەك کەسێکی خراپ وتاوانبار و خائین لەنێو کۆمەڵدا تەماشا دەکرێت ، ئەوکارەکتەرانەش ، کەلەدووتوێی شانۆییەکەدا بەم کارە قێزەونە هەڵساون،بریتین لە هەریەکە لە(جرج) و (شەمشەمەکوێرە):

((   شەمشەمە  :  من لەترسانا تۆقیم ، جرجی هاوڕێم ئەی تۆ ؟

جرج        : حاڵم لەتۆ شڕترە شەمشەمە گیان وتت چی ؟

شەمشەمە  :  ئەبێ ژیانی خۆمان بپارێزین بە هەچ نرخێك بێت

جرج        : گرنگ سەرسەلامەتییە  ))[١٠٦] ، ئیدی لێرەوە وردە وردە ڕشیەڵەی ئەو خیانەت و خۆفرۆشی و دووڕوویيەی (جرج) و(شەمشەمە کوێرە) بەهێزتردەبێت و زیاتر تۆخ دەبێتەوە و پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ(ڕاوچی)دا ، کە دوژمنی سەرسەختی ئاژەڵ وباڵندەکانی تریانە ، دەبەستن جا لەڕاستیدا ، ئەنجامدانی ئەم جۆرکارە قێزەونانە دەکرێت لەڕووی سیاسیو جڤاکییەوە تەماشابکرێت ، کە خەڵکی نەفسنزمی لەوجۆرە لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا بوونیان هەیە و بەرچاودەکەون ، کە مخابن لەبەر هەندێك پلە و پایەو دەستکەوتی

[١٠٤] ڕازاو ڕەشید صبری ، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا ١٩٩١– ٢٠٠٥ ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی پەروەردە ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، ٢٠٠٧ ، ل(٦٨) .

[١٠٥] سمکۆ ناکام ، داپیرەی دانا ، ل (٧) .

[١٠٦] س ، پ ، ل(٨) .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

مادیدا ئەنجامی دەدەن و ئاماژە بە هەموو جۆرە هاوکارییەکی دوژمن بکەن ونهێنی وزانیاری جۆراوجۆر لەسەر هاوڕێ و هاونیشتیمانیانی نەتەوەکەیان بدەن بە دوژمن :

(( شەمشەمەکوێرە : نەکەی گەورەم..ئێمە کردمان تۆ نەی کەیت

جـــــرج : بچووکین .. نۆکەرتین ، کاسە لێس تین ، چی ئەفەرمووی‌بەسەرچاو

شەمشەمەکوێرە : هەرچی یەك بلێ ی بەدڵ و بە گیان بۆت ڕائەپەڕێنین ))[١٠٧]...وەك دەبینین بەم شێوەیە (جرج) و (شەمشەمەکوێرە) بەهەموو شێوەیەك خۆیان تەسلیمی ئیرادەی کابرای ڕاوکەر دەکەن و ئامادەن هەموو کارێکی ڤێزەون بکەن ، هەربەو مەرجەی لەژیاندا بمێننەوە و ڕاوکەرەکە نەیان کوژێت :

(( شەمشەمە : هەرچییەك ، وتەیەك ، جوڵەیەك ، ئەم سەرەوسەرێ لەناو دارستاندا ڕوویدا ، هەرئەوەندەی بلێی یەك و دوو خێرا ئەی گەیەنن بەجەنابتان ))[١٠٨] ، لەڕاستیدا، هەموو ئەمانە ڕێگەخۆشکەردەبێت بۆ ( ڕاوچی )، کە بۆ مەبەست و مەرامی‌تایبەتی خۆی بەکاریان بهێچنێچت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوجۆرە کەسانە دوای تەواوبوون و ئەنجامدانی کارە خراپەکانیان ، نابنە جێگەی متمانە و بڕوای (ڕاوچی)و بەڵکو هەربەگومانەوە تەماشایان دەکات ، چونکە ئەوجۆرە کەسانە ، گەرخیانەت لە هاوڕێ وهاونیشتیمانیانی خۆیان لەبەرانبەر هەندێ دەستکەوتی مادیدا بکەن ، ئەوا ڕەنگە لەبەرانبەر هەندێ دەستکەوتی زێتری مادیدا خیانەتیش لە ڕاوچی بکەن ، ئەمەش وادەکات ، کە ڕاوچی دوودڵو بەگومان بێت لێیان :

(( راوچی : جا دڵنیابم لێتان

شەمشەمە : تاقیمان کەرەوە میرم

جرج : تۆ ژیانمان بەرەوە و ئێمەش ئەم خزمەتەتان ئەکەین ))[١٠٩]

مخابن،هەروەکو پێشنان گوتوویانە ( پەتی درۆ کورتە )دەبینین بەتێپەڕبوونی کات نیەتی خراپ و کاری خیانەتکاریان ئاشکرا دەبێت و دەکەونە بەرسۆز وبەزەیی هاوڕێ و هاوڵاتیەکانیان :

(( مەیمون : هاوڕێ یان ئێمە بەجەرگی خۆمان پشت بەستن بەیەکتری سەرکەوتین جا بەوبۆنەیەوە گۆرانیەکم داناوە بۆتان .

ڕێوی : وەرە خوارەوە...کەی کاتی ئەو بۆرەبۆرەیە ، ئیشی زلترمان ماوە ..ئائەو دوونارەسەنە بێنن .

(جرج) و (شەمشەمەکوێرە) بەپاڵ دێنن ))[١١٠] ، ئیدی پاش دەرکردن و ڕیسواکردنی هەردوو کارەکتەر (جرج) و (شەمشەمەکوێرە) لەلایەن دەستەی کارگێڕی دارستانەوە ، جارێکی دی بەخۆشی و کامەرانییەوە ، هێمنی و ئاسایش دەگەڕێتەوە بۆ دارستان وهەموو ئاژەڵ و باڵندەکان بەخۆشیەوە باوەش بۆ ژیانێکی نوێ دەکەنەوە و بەسەربەرزی دەژین .

[١٠٧] س ، پ ، ل(٨) .
[١٠٨] س ، پ ، ل(٩) .
[١٠٩] س ، پ ، ل(٩) .
[١١٠] س ، پ ، ل(١١) .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەکۆتاییدا ، ئەوەی لەدووتوێی ئەوچیرۆکە شانۆییەوە دەردەکەویچت ، ئەوەیە ، کە نووسەر لەڕێی ( داپیرە )وە دەیەوێت خزمەتی منداڵان بکاتو ئامۆژگاریان بکات بەوەی ، کە کاری لەوجۆرە نەکەنو بەردەوامبن لەخزمەتی گەل و وڵاتەکەیاندا و هاوڕێ و هاووڵاتییەکانیانخۆشبوێت و هیچ کاتێك بیر لەخیانەت نەکەنەوە .

## ڕەگەزی کارەکتەر :

کارەکتەر یەکێکی دیکەیە لەڕەگەزە گرنگ و دیارەکانی نێو گۆڕەپانی بنیاتی دەقی چیرۆکو هەڵوێستەکان دەردەبڕێن ولەڕێگەی کارەکتەرەوەیە ، کە دەتوانرێ پەیام وبیروبۆچوونەکان بگەیەنرێن بە خوێنەر و بینەر ، واتە کارەکتەر یان کەسێتی ((هەڵسوڕێنەری ڕەوشی چیرۆکە ودانیەموێ زیندووی ڕەگەزەکانی چیرۆکە ، چونکەهەرکەسایەتیە لەناو حوغزی کات دا گەشەدەکات و هەرکەسایەتیە کاریگەری بەسەرشوێن وڕووداو و ڕەگەزەکانی تردا هەیە ))[111]، کەواتە دەکرێت بڵێین ((کارەکتەر بەهەموو ئەو تایبەتمەندی و سیفاتە دەگوترێت، کەنیشاندەری هەڵسوکەوتی کەسێکە ))[112] و بوونیشی لەچیرۆکدا پەیوەستە بەڕواڵەتەکانی دەرەوە و ناوەوەی خودی کەسەکە و چیرۆکنووسیش لە بنیاتی چیرۆکەکەیدا بەرجەستەی دەکات ، هەروەها لەبنیاتی دەقی شانۆییشدا هەمان ئەرك و بگرە زێتریش دەبینێت و (( یەکێکە لەوانەی ڕووداوەکانی شانۆییەك دەبەن بەڕێوە ، ئەوجا ئەوکەسە چ لەبەرهەمێکی ئەدەبی نووسراودابێت، یان لە بەرهەمێکی هونەریدابێت لەسەرتەختەی شانۆ و لەویچنەی ئەکتەردا دەربکەوێت ، یان دەشێ کەسێکی واتاییش بێت و کاربکاتە سەرڕووداوەکان و بەڕیوەیان بەرێت ، بەڵام لەسەرشانۆ دەرنەکەوێت ، لەوانەشە کەسەکە ڕەمزی بێت ))[113] ،لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ، هەرچەندە هەندێك لەڕەخنەگران پێیان وایە، بنیاتی کارەکتەر لەبنیاتی دەقدا ، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و گرانە و پێویستی بەتوانا و لێهاتوویی و شارەزایی نووسەرەوە هەیە ، چونکە (( یۆتۆپیایەکی بەرجەستەبووی چیرۆکنووسە ))[114]، کە (( وەك دابێکی کارپێکراوی لێهاتووە ، کە نووسەر بابەتەکە لە مێشکی خۆیدا گەڵاڵ دەکات ))[115] .

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار نووسەر لەژێر کاریگەری ڕەهەندەکانی بنیاتنانی کارەکتەرەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی کارەکتەرەوە ، (( بۆیە گرنگی دەروستکردنی ئەوکەسانە لە چیرۆکدا گەیشتۆتە ڕادەیەك هەندێ جار هونەری چیرۆکنووسین بەهونەری خوڵقاندنی کەسەکان دابنرێت ))[116] ، بەڵام ئەم حاڵەتە لەلای چیرۆکنووسانی چیرۆك بۆ منداڵان کەمێك جیاوازی تێدا بەرچاودەکەوێت ، ئەوەش لەوەدایە، کە (( نووسەری چیرۆکی منداڵان ، نابێ خۆی تێکەڵ بەکاروباری کەسانی ناوچیرۆکەکە بکات ، واتە وەك ڕاڤەکارێك ، یان واعیزێك وتەی خۆی تێکەڵاو

[111] مظفر مصطفى اسماعيل ، روخسار وناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت ، ل( ٩٥ ) .

[112] بروس کوهين ، سەرەتايەك بۆ کۆمەڵناسی ، و :هێمن شەریف ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی ، ٢٠١٠ ،ل(٨١) .

[113] سەلام فەرەج کەریم ، کەسایەتی لە درامای کوردیدا،نامەی ماستەر ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین ،١٩٨٩، ل٧٧.

[114] نەجات حەمید ، چیرۆك و کەسایەتی پاڵەوان ،گ : نووسەری نوێ ، ژ(٢٢) ، هەولێر ، ٢٠٠٤ ، ل (٥٣) .

[115] یاسین ڕەشید حەسەن ،ناوەڕۆك و تەکنیك و درامای کوردی ١٩٩١– ٢٠٠٢ نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان ، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١١٧ .

[116] پەرێز سابیر ، بینای هونەری چیرۆکی کوردی ..... ، ل (١٥٧) .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بە دەقەکە بکات ، بەڵکو دەبێ خۆی لەدەرەوەی دەقەکە ڕابگرێ و بێلایەن بێ ))[117] ، چونکە منداڵ خاوەنی تایبەتمەندی و کەسایەتیی دیاری خۆیەتی ، تەنانەت زۆرجار حەزدەکات کارەکتەرەکان لە بەرگی ئاژەڵ و باڵندەدابن ،وپاشان منداڵ ئاژەڵ و گیاندار و باڵندەی خۆشدەوێ .

لەلایەکی دی زۆرجار دەبینین زارۆك حەزدەکات لەشێوەی بووکەڵە وبووکەشووشەدابێت ، ڕەنگە بەو هۆیەشەوە زێتر چێژوسوود لەو جۆرە کارەکتەرانە ببینێت و لەزەینیشیدا بمێنێتەوە، کەواتە کارەکتەری دروست و سەرنجڕاکێش لە جیهانی زارۆکاندا (( ئەو کەسایەتیانەن، کە منداڵان ڕازی بکەن بەوە ڕاستەقینەن، یاخودهاوتای ڕاستییەکان، جا ئەو کەسایەتیانە مرۆڤبن، یا ئاژەڵ، یا ڕووەك، یان بێ گیانەکان، یان کەسایەتی نێو ئەفسانەکان بن))[118] هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی ئەوەی منداڵان زیاتر سوود لەو کارەکتەرانە ببینن و سەرنجیان ڕابکێشێت.

لەو ڕووەشەوە گەر تەماشای دەقی (داپیرەی دانا) بکەین، دەبینین کرۆکی دەقەکە لەڕووی کارەکتەرەوە لە کۆمەڵێك کارەکتەر بنیات نراوە، کە زۆربەیان لە بەرگی ئاژەڵ و باڵندەدان و بریتیین لە (سوێسکە، شێر، پڵنگ، مەیمون،کەرکەدەن، ئاسك، هەنگەزەردە، هەڵۆ، کەروێشك، ڕێوی، گا، شەمشەمەکوێرە، جرج)هەروەها یەك مرۆڤی تێدایە، ئەویش (ڕاوچی)یە و کارەکتەرێکی لاوەکییە. شایەنی باسیشە، (گا) بە تەنها ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی دەگێڕێت و پاشای دارستانە، ئەوانی تریش ڕۆڵی کارەکتەری لاوەکی دەگێڕن.

لێرەدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە(( کارەکتەر بەپێی ئامادەبوون لەناو ڕووداوەکاندا دەکرێن بە کارەکتەرەسەرەکییەکان وکارەکتەرە لاوەکییەکان ، کارەکتەرە سەرەکییەکان ، ئەرکی هەڵسووڕاندنی ڕووداوەکان و بەشداری ڕاستەوخۆیان لە گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووداوەکاندادەکەوێتە سەر. هەرچی کارەکتەرە لاوەکییەکانن ئەوا لە خزمەت کارەکتەرە سەرەکییەکاندا دەبن و ڕۆشنایی زیاتر دەخەنە سەر ژیان و ڕەفتار و هەڵوێستەکانی ئەوان))[119]

لە دوو توێی ڕۆڵ بینینی ئەوکارەکتەرانەدا، (گا) ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و پاشای دارستانە.

((گادێ و گیانلەبەران بۆی ئەنوشتێنەوە و ڕێزی لێ ئەگرن

گا: چییە ئەوە؟ لەچی زیز بوون؟ بۆ مرومۆچ وابۆم ڕیزبوون؟

شێر: قوربان، ڕاوچی

گا: ڕاوچی؟...ئێ...چی؟

شێر: ئەو ناپیاوە ئەمرۆ سوێسکەخانی پێکاوە))[120] .

لە میانی بۆچوونمان بەنێو بنیاتی دەقەکەدا، دەبینین نووسەر لە بنیاتی ئەو کارەکتەرانەدا، توانیویەتی لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژووییەوە، کە وێنەی واقیعی ململانێی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندەی کێشاوە و مرۆڤەکەش کابرای ڕاوچی یە و ڕۆڵی کارەکتەرێکی لاوەکی و خراپ دەگێڕێت و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە

---

[117] حەمەکەریم هەورامی ، ئەدەبی منداڵانی کورد ، ب١ ، کۆڕی زانیاری کوردستان ، هەولێر ، ٢٠٠٥ ، ل(٨٥) .

[118] ڕزاوە ڕەشید صبری ، چیرۆکی منداڵان لەئەدەبی کوردیدا ١٩٩١ – ٢٠٠٥، ل(٨٠) .

[119] سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی ، بنیات گێڕانەوە لە داستانی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی ( شاری مۆسیقاسپییەکان)ی بەختیار عەلی دا ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ٢٠٠٩ ، ل(١٧٤) .

[120] سمکۆ ناکام ، داپیرەی دانا ، ل (٨) .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

سەرجەم ئاژەڵ و باڵندەکانی دارستان ڕاوبکات و لەناویان بەرێت، لەو پێناوەشدا باڵندە و ئاژەڵەکانیش بەردەوام لە نێوان خۆیاندا خەریکی تەگبیر و ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونەکانیانن بە مەبەستی بەرگریکردن لە خۆیان.

شایانی باسە، هەر هەموویان ڕۆڵی کارەکتەری لاوەکی دەبینن جگە لە (گا) .

((پڵنگ : چاك ئەم ڕاوچی یە نەگریسە پێمان فێربووە!

هێمنی و ئاسایشی ناو جەنگەڵی تاڵان کردووە

مەیمون: ئاسوودەمانی خستۆتە بەرپا، هەر کامێکمان بەقەد دەنکە جۆیەك خۆی دەرخا، خێرا تیر بارانی دەکا))[١٢١] ، بەڵام مخابن لە نێو ئاژەڵ و باڵندەکانی دارستاندا، هەر هەموویان کۆك و هاوڕان و یەك هەڵوێستن، جگە لە (جرج) و (شەمشەمەکوێرە)، کە بوون بە کرێگیراوی (ڕاوچی) و دەنگوباس و پلانەکانی هاوڕێکانیانی بۆ دەبەن.

((شەمشەمە: هەر چپەیەك، ووتەیەك، جووڵەیەك، ئەم سەرەوسەرێ لەناو دارستاندا ڕوودا، هەر ئەوەندەی بڵێی یەك و دوو خێرا ئەی گەیەنین بە جەنابتان.

جرج: وابزانم بەڕێزیشتان حەز ئەکا ئەو شتانە ببیستێتەوە بە تایبەت ئەگەر دژ بە زاتی موبارەکتان بێت.

ڕاوچی: زۆر چاکە فایلم))[١٢٢] ، هەروەها لە ڕێگەی دیالۆگەکانی ئەو کارەکتەرانەوە، نووسەر دەیەوێت بیرۆکەی تایبەتی خۆی بداتە بینەر، ئیدی وەك دەبینین، ئەو ململانێ و ناکۆکیەی نێوان ڕاوچی و باڵندە و ئاژەڵەکان لەلایەك بەرەو چڕبوونەوە و خەستبوونەوە دەڕوات.

((کەروێشك: من ئەموت ئەم ڕاوچی یە زۆر فێڵزانە. ئەوەتا خۆی بۆ مات دابووین، هەر لەگەڵ دەرکەوتین هەموومانی تیرباران کرد.

شێر: زیانێکی زۆرمان لێکەوت، بەڵام باش بوو توانیمان ئاسك ڕزگارکەین))[١٢٣] ، لەلایەکی دیکەشەوە کێشەو ململانێی نێوان باڵندە و ئاژەڵەکان وەکو کارەکتەرێکی لاوەکی چالاك لە نێوان خۆیاندا بەرەو تەقینەوە دەچێت، تا لە کۆتاییدا دەستی ڕەش و نیەتی پیسیان دەخرێتە ڕوو:

((هەڵۆ: چاوم لێ بوو بە جووتە چوونە بەردەم ڕاوچی و تۆزێ چپەچپیان لەگەڵ کرد، ئنجا ڕاوچی چووە سەرداریێکی بەرز و تیر و کەوانەکەی بەدەستەوە گرت، ئەوداری بە سەربانی بن شۆڕەبییەکاندا ئەی ڕوانی.

کەرکەدەن: من هەر لە هەڵەوە چارەی ئەم دوو پیسەم بەدڵ نەبوو))[١٢٤] .

لە کۆتایی ڕەوتی ڕووداو و کار و چالاکییەکانی هەریەکە لە کارەکتەرەکان چارەنووسی ڕاوچی بەرەو نادیاری دەڕوات و لەلایەنە کارەکتەرەکانی ترەوە پەلاماردەدرێت و بێ سەروشوێن دەبێت:

((...ڕاوچی، کە ئەبینێ هیچی بەدەستەوە نەماوە، ئەیەوێ بەودیوا هەڵێ، پڵنگ ڕێی پێ ئەگرێ، بەهەچ لایەکدا ئەڕوا گیانداریێك پێشی پێئەگرێ و وردە وردە ئابلۆقەی ئەدەن و هەموو پەلاماری ڕاوچی دەدەن))[١٢٥] .

---

[١٢١] س ، پ ، ل(٧) .

[١٢٢] س ، پ ، ل(٩) .

[١٢٣] س ، پ ، ل(٩) .

[١٢٤] س ، پ ، ل(١٠) .

[١٢٥] س ، پ ، ل(١١) .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

جگە لەوەش بەهۆی وروگێژی (گا)وە، کە پاشا و کارەکتەری سەرەکی دەقەکە بوو، لەلایەن کارەکتەرەکانی دیکەوە لادەبرێت و گۆڕانی بەسەردادێت و (شێر) بە دەنگی زۆرینەی کارەکتەرەکانی دیکە دەبێتە پاشای دارستان و ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی پێدەدەن :

((گا: چۆن ئەوێری قسەی وا بکەی من پاشام

ڕێوی: ببورە خاوەن شکۆ بڕیارمان دا تۆش لە پاشایی بخەین.

گا: چۆن؟ بۆچی؟

ڕێوی: چونکە بە کەڵکی پاشایی نایەیت (بڕیارماندا تۆش لە دارستان دەرکەین، ئەبێ بچی کاسبی بکەیت و خۆت بژێنی))[١٣٦]

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین، ئەوەی زیاتر لە ئۆپەرێتدا بەرچاودەکەوێت، ئەوەیە، کە مناڵ بەشێوەیەکی سەردەمیانە و گونجاو پەروەردەبکرێت و فێری ئاکارە جوانەکانی ژیان ببێت، بۆیە لە ڕووی کارەکتەر و کار و چالاکییەکانیەوە، گرنگ نییە کێ ڕۆڵی سەرەکی و کێ ڕۆڵی لاوەکی دەبینێت ؟، چونکە ئەوان لە نیەت پاکی و دڵسۆزی خۆیانەوە ڕۆڵ دەبینن و مەبەستیانە پەیامێکی جوان بگەیەنن و بوونی خۆیان بسەلمێنن ، چونکە ئەوان لەو تەمەنەدا ئەو توانا و تێگەیشتنەیان نییە، کە هەست بە جیاکردنەوە و جۆری ڕۆڵبینین بکەن لە ڕووی (سەرەکی و لاوەکی) و (پەرستێن) و (پەرەنەستێن-جێگیر)...تد .

**ناوەڕۆکی ئۆپەرێتی ( داپیرەی دانا ) :**

لەڕاستیدا ، هەموو دەقێکی ئەدەبی لەدووبەشی سەرەکی پێکدێت ، کە بریتین لە ڕووخسار و ناوەڕۆك وهەریەکێکیش لەوبەشانە تایبەتمەندیی و پێگەی خۆی هەیە و جیاوازە لەوی دیکە ، بەڵام هەردووکیشیان تەواوکەری یەکدین و لەپێناوی ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراودا کاردەکەن ، لەوچوارچێوەیەشدا ، چیرۆکی شانۆیی منداڵانیش بەهەمان شێوەیە و نووسەر بەگەڵێك جۆری جیاواز پێشکەشی منداڵانی دەکات بەتایبەتی لەشیوە و بەرگێکی سادەدا وەکو :(حەکایەت ، ئەفسانە ، چیرۆکی ئاژەڵان ، چیرۆکی گاڵتە و گەپ و پێکەنیناوی )،کە ئەمانە زێتر دەتوانن کاریگەری لەسەر منداڵ دروستبکەن و لەیادەوەرییەکانیاندا بمێنێتەوە و چێژی لێ وەربگرن ، ئەوەش بەمەبەستی پەروەردە و ئاوڕدانەوە لە جیهانی منداڵ و لایەنی ڕەوشتی ، لەوڕووەشەوە، گەرلاپەڕەکانی مێژووی ئەدەب و هونەری کوردی هەڵبدەینەوە ، دەبینین شاعیران و نووسەرانی کوردیش ، لەدووتوێی بەرهەمەکانیانەوە و (( لەڕوانگەی هەستکردن بە لێپرسراوێتی بەرامبەر بە منداڵ ، هەوڵیانداوە ئامۆژگاری و ڕێنماییان بکەن لەبواری ڕەوشت و چۆنیەتی هەڵسوکەوتدا ))[١٣٧] ، هەربۆیە جۆری چیرۆکەکە بەپێی جۆری بابەتەکە دیاری دەکرێت ، واتە لەدەوری هەربابەتێك بسوڕێتەوە ، ئەوا ئەوچیرۆکە بەوشێ،ەیە ناودەبرێت ، بێگومان دواجار ناوی ئەو بابەتە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە پێکدەهێنێت ...بۆ نموونە ئەگەر بابەتەکەش شانۆیی بێت ، ئەوا چیرۆکێك و مەغزایەکی دیاریکراوی لەپشتەوەیە ، کەواتە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی منداڵ بەرگێکی چیرۆکانەیان لەبەردایە ، جا ئەوبابەتەی ئێمەش لەدووتوێی توێژینەوەکەماندا

[١٣٦] س ، پ ، ل(١١) .

[١٣٧] فازڵ مەجید مەحمود ، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا ، دەزگای سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٤ ، ل(٣١) .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

بەزەقکڕەنگیداوەتەوە و بەرچاودەکەوێت، بەڵام ئەوەی هەیە زێتر لە چوارچێوەی چیرۆکێکی شانۆیی ئاژەڵاندایە و نووسەر مەبەستێتی لەڕێی ناوەڕۆکی ئەودەقەوە پەیامێك بدا بە گوێی منالان و ئامۆژگارییان بکات ، کە هەرگیز لە کاری خراپە و خیانەت و ناپاکی نزیك نەبنەوە و بیریشی لێ نەکەنەوە .

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی ئاژەڵان لەوەدایە، کە نووسەر دەیەوێت لەژێرناونیشانی ئاژەڵ و گیانلەبەراندا ، کە لەگەڵ حەز و ئارەزووی منالانەوە دەگونجێ و سەرنجڕاکێشەبابەتەکەی بخاتەڕوو ، هەربۆیە مەبەست لەچیرۆکی ئاژەڵان (( ئەو چیرۆکانەیە ، کە بەزمانی ئاژەڵانەوەیە و باسی ئەو ئاژەڵانە دەکات، کە لەژینگە و نزیك و دووری منالدا هەن و منال حەزی لێدەکات و بەئاسانی لاساییان دەکاتەوە ، ئەوچیرۆکانە نەك هەرتەنها منال بەڵکو گەورەش چێژیان لێ وەردەگرێت ))[128] .

لەڕاستیدا ، ئەم چیرۆکە شانۆییەش باسی لەتەنیا ڕووداوێکی جڤاکی - ڕامیاری دەکات ، ئەویش مەسەلەی دووڕوویی و خیانەت و ناپاکی یە لەگەڵ هاوڕێ و هاونیشتمانیادا ، هەروەها دشکرێ هەرئەو وێنەیە لەسەرئاستی کۆمەڵ و نەتەوەش پراکتیزەبکرێ ، کە بەهۆیەوە ئامۆژگاری منالان دەکات و مەبەستێتی بەشێوەیەکی گونجاو و سەردەمیانە پەروەردەیان بکات و هەمیشە ولات و نیشتیمان و هاوولاتیانیان خۆشبوێت و خیانەتیان لێ نەکات ، چونکە خۆشەویستیی نیشتیمان و گەل ئەرکی سەرشانی هەمووتاکێکی ولاتە و لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بەرگریشیان لێ بکات وگیانی قوربانیدانیان تێدابێت .

مخابن ، لەدووتوێی ئەو ئۆپەرێتەوە نووسەر وێنەی دوو کارەکتەری قێزەونمان لەبەرگی دووگیانلەبەری ناشریندا بۆدەکێشێت ، کە بریتین لە (جرج)و(شەمشەمەکوێرە) ، کە هەریەکەیان لەڕووی ژینگەشەوە بەتایبەتی (جرج) لەزێراب و شوێنی پیسدا ژیان بەسەردەبات و ناتوانێ بەئاشکرا خۆی دەربخات ، هەروەها ( شەمشەمەکوێرە)ش وەکو کارەکتەرێك جگە لەشەو ناتوانێ لەڕۆژدا خۆی دەربخات ، بۆیە حەکیمانە نووسەر ئەودووگیاندارەی هەڵبژاردووە و ڕۆڵی خراپەکاری دەگێڕن .

(( جرج : بچووکین .. نۆکەرتین ، کاسەلێس تین ، چی ئەفەرمووی بەسەرچاو .

شەمشەکە : هەرچی یەك بڵێ ی بەدڵ و بەگیان بۆت ڕئەپەڕێنین ))[129] .

گومانی تێدا نییە ،لەهەموو سەردەم وشوێنێکدا نموونە و وێنەی کەسانێ بەرچاودەکەون و بوونیان هەیە ، بەڵام جگە لەڕووڕەشی و شەرمەزاری هیچ بەهاوڕێزێکیان نیە و بەردەوام دەکەونە بەرنەفرەتی خەڵك وبەچاوی سووکەوە تەماشایان دەکەن و تەنانەت زۆرجاریش چارەنووسیان کوشتن و لەناوبردنە ، چونکە ئەوان وەکو ماری سڕ وان وبڕواو متمانەیان پێناکرێ ،بۆیە سەرئەنجامی ئەوجۆرە کارەقێزەون وخۆفرۆشی و خیانەتکردنانە کورتە و ماوەیەکی دیاریکراوە و ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن وچیان بوێت بیکەن ، چونکە کاروچالاکییە دزێوەکانیان نامۆن بەکۆمەڵ و هەرتاکێکی دڵسۆزیش وەکو مافێکی نەتەوەیی‌و ئاکاری بەردەوام چاودێری جووڵە وکارەکانیان دەکەن بەڕقەوە تەماشایان دەکەن .

[128] مظفر مصطفی اسماعیل ، روخسار وناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت ، ل( ٩٥ ) .

[129] سمکۆ ناکام ، داپیرەی دانا ، ل (٨) .


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەوەتا کارەکتەرێکە وەکو ( هەڵۆ)، وەکو دڵسۆز و خەمخۆرێکی دارستان و نیشتیمانەکەی ، کە بەفێڵ وتەڵەکەبازی (جرج) و (شەمشەمەکوێرە) دەزانێت و گومانی لە کارو چالاکییەکانیان دەبێت، چاودێریان دەکات، تا بزانێت چ کار و پلانێکی فێزەون دژی گەل و وڵات ئەنجام دەدەن.

((هەڵۆ: چاوم لێبوو بەجووتە چوونە بەردەم ڕاوچی و تۆزێ چپەچپیان لەگەڵ کرد،ئنجا ڕاوچی چووە سەر دارێکی بەرز و تیرو کەوانەکەی بەدەستەوەگرت، ئەو دارەی بە سەربانی بن شۆڕەبییەکاندا ئەیڕوانی.

کەرکەدەن: من هەر لە ئەوەڵەوە چارەی ئەو دوو پیسەم بەدڵ نەبوو.

شێر: ئەبێ سزای خۆیان وەرگرن))

بەهەرحاڵ، ئەوەی لێرەدا دەیبینین، ئەوەیە لە نێوان ئەو دوو هێزەدا، هێزی چاکە، کە بەرەی گەل و نیشتمانەو هێزی خراپە، کە بەرەی دوژمن و ناپاکانە لە ململانێدان و هەریەکەیان لە هەوڵی ئەوەدایە شکست بە هێزەکەی بەرامبەری بهێنێت، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە، هێزی گەل و نیشتمان، ئەگەر بەپێی قۆناغەکانی ژیانیش هەندێکجار تووشی شکست و لاوازی ببێت، بەڵام سەرەنجام سەرکەوتوودەبێت و پیلانی خۆفرۆشانە و ناپاکانە و دوژمنانە لە گۆڕدەنێت و لە بەرامبەریشدا ئاشتی و ئازادی و پێکەوە ژیان بۆ گەل دابین دەکات.

((مەیمون: هاوڕێیان ئێمە بە جەرگی خۆمان و پشت بەستن بە یەکتری سەرکەوتین، جا بەوبۆنەیەوە گۆرانیەکم داناوە بۆتان ئەڵێم))

ئیدی بەو شێوەیە، بە یەکگرتوویی و یەکرِیزی و پشت بەستن بە یەکتر ئاژەڵەکان توانییان خۆیان لە فێڵ و تەڵەکەبازی و ناپاکی (جرج) و (شەمشەمە) ڕزگاربکەن و ئەو خیانەتکارانەش بە سزای دادپەروەرانەی گەل ونیشتمان بگەیەنن و بۆ هەتا هەتایی لە دارستان دەریاندەکەن.

هەروەها لەوێشەوە بۆ هەتاهەتایی توانییان پەیامی پێکەوە ژیانی ڕاستەقینە و دڵسۆزی خۆیان لە بەرامبەر گەل و نیشتماندا بدەن بە پاشای گێل و نەفام و ستەمکاران و خۆبەزلزانان و خۆفرۆشان، کە ئەوان هەرگیز لەنێو کۆمەڵگادا جێیان نابێتەوە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان :

### کوردی :


١- ئاریانا ئیبراهیم ، شێوازە ئەدەبییەکانی ڕۆژنامەی خەبات ٢٠٠٣ – ٢٠٠٦ ،چاپخانەی ڕۆشنبیری ،هەولێر ،٢٠١١.

٢- ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی ، ئەدەبی منالان لەگۆڤاری گەلاوێژدا ، گ ( ڕامان ) ، ژ(١٧) ، هەولێر ، ٢٠٠٧ .

٣- باکوری ، ئۆپێرا ، گ: ( ڕامان) ، ژ ٥٨ ، ٥ نیسان ، هەولێر ، ٢٠٠١ .

٤- بروس کوهین ، سەرەتایەك بۆ کۆمەڵناسی ، و :هێمن شەریف ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی ، ٢٠١٠ .

٥- بورهان قەرەداغی ، شانۆی منالْ ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ،٢٠١١ .

٦- پەرێز سابیر ، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی ، دەزگای سەردەم ، سلێمانی،٢٠٠٠ .

٧- حەمەکەریم هەورامی ، ئەدەبی مندالانی کورد دوای ڕاپەڕین ،ب٢، لەبلاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان ، هەولێر ، ٢٠٠٥.

٨- خالدە قادر فەرەج، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، ١٩٧٠-١٩٩٠، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٩ .

٩- دلێر ئیبراهیم ،تیۆری مۆسیقا ، چ٢، چاپخانەی خاك ، سلێمانی ، ٢٠٠٣ .

١٠-ڕازاوە ڕەشید صبری ، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا ١٩٩١- ٢٠٠٥ ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی پەروەردە ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، ٢٠٠٧ .

١١-سابیر ڕەشید ،ڕۆمانی کوردی- خوێندنەوەو پرسیار – بەشیەکەم ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ،٢٠٠٧ .

١٢-سمکۆ ناکام، ڕێزانکێ ، گۆڤاری بەیان- ژ :(٥٦)، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغداد ، ١٩٧٩ .

١٣-سمکۆ ناکام، داپیرەی دانا ،گۆڤاری بەیان - ژ :(٥٧)، دەزگای ڕۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی ،بەغداد ،١٩٧٩.

١٤-سەلام فەرەج کەریم ، کەسایەتی لە درامای کوردیدا،نامەی ماستەر ، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین ،١٩٨٩ .

١٥-سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی ، بنیات گێڕانەوە لە داستانی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی ( شاری مۆسیقاسپییەکان)ی بەختیار عەلی دا ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ٢٠٠٩ .

١٦-شاهێن نەجمەدین ، لای ئێمە هێشتا بایەخ بە شانۆی منداڵان نەدراوە،دیمانە ،گ.: ئاسۆی پەروەردەیی،ژ(١٢)، هەولێر ،٢٠٠١ .

١٧-عەبدوڵڵا ڕەحمان عەولا ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١١ .

١٨-عەبدوڵڵا عەلی ، هونەری لە کۆماری گەلی چین دا ، ڕ. هاوکاری ، ژ(٢٣٨) ، بەغدا ، ١٩٧٣ .




کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١٩-عەبدولرەزاق بیمار ،جەژن و دەوڵەمەندی شەڕ ، گۆڤاری بەیان - ژ :(٥٧) ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغداد ، ١٩٧٩.
٢٠-غەمگین فەرەج ، دەروازەیەك بۆ بۆتەکانی مۆزیك ، زنجیرە کتێبە ئەنستیتوی کورد ، هەولێر ، ٢٠٠٢ .
٢١-کاوەی ئەحمەد میرزا،شادی ،گۆڤاری بەیان - ژ :(٥٧)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغداد ،١٩٧٩.
٢٢-کاوەی ئەحمەد میرزا، شانۆی کوردی- سلێمانی لەدامەزراندنییەوە تا ڕاپەڕینی١٩٩١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ، ٢٠١١ .

٢٣-ك.ع.ك ، ئۆپرا ، گۆڤاری بەیان ، ژ(١٥)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٤.
٢٤-کەمال رەئوف محەمەد ، هونەری درامای ڕادیۆی کوردی ، دەزگای پەخش و چاپی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٠ .
٢٥-محەمەد ڕەشید فەتاح ، ئەدەبی منداڵان و نموونە و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی منالانی کورد ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی ، بەغداد ، ١٩٧٤ .
٢٦-محەمەد مستەفا قەرەداغی ، فەرهەنگی زاراوەکانی هونەر ، چ٢ ، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی ، ٢٠١٢.
٢٧- محەمەدی مەلا کەریم ، پێداچوونەوەیەك بە( دلاوەران )ی دیوانی( بێخود)دا ،گ:برایەتی ، ژ(١) خولی دووەم، ١٩٧٠.
٢٨- نەجات حەمید ، چیرۆك و کەسایەتی پاڵەوان ،گ : نووسەری نوێ ، ژ(٢٢) ، هەولێر ، ٢٠٠٤ .
٢٩-نەجم خالید نەجمەدین ئەلۆەنی ، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا ( ژانی گەل ، شار ، ڕاز)، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٤ .
٣٠- یاسین رەشید حەسەن ،ناوەڕۆك و تەکنیك و درامای کوردی ١٩٩١- ٢٠٠٢ نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان ، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤.
٣١-یاسین قادر بەرزنجی ، فەرهەنگی شانۆ ،ب١ ، دەزگای سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ .

**عەرەبی :**

١- الاردايس نيكول ، المسرحية العالمية ، ت : عثمان نوبة و ج١، مطبعة الرسالة ، القاهرة .
٢- جاستون باشلار، جماليات المكان ، ت ،غالب هملسا ، دارالحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٨٠.
٣- سمير عبدالرحيم الضلبي ، معجم مصطلحات الادب ، منشورات مكتبة لبنان ، بيروت ، ١٩٧٤.
٤- سيزا قاسم ، بناء الرواية ،مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب ، مصر، ١٩٨٤ .
٥- كمال الدين عيد (د.) ، اعلام و مصطلحات الموسيقى الغربية ، دارالوفاء ، مصر ، ٢٠٠٦ .
٦- مارى الياس (د.)، د.حنان قصاب حسن ، المعجم المسرحي ، مكتبة لبنان ، ط٢ ، ٢٠٠٦ .
٧- محمد التونجي (د.) ، المعجم المفصل في الادب ، ط٢ ، بيروت ، لبنان، ١٩٩٩ .
٨- محمد الهنانا ،معجم الموسيقى الغربية ، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب ، دمشق ، سورية،٢٠٠٠.


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

٩- مجدی وهبة ، معجم مصطلحات الادب ، منشورات مكتبة لبنان ، بیروت ، ١٩٧٤ .

**ئینگلیزی :**

1-Inglis Cundry , The Nature of Opera as a Composite Art , *Proceedings of the Royal Musical Association*, Published by: Taylor & Francis,Abingdon ,1947 .

2-Clinton-Baddeley, Words for Music , Cambridge University Press, London, Mar 12, 2015.

**سەرچاوە ئینتەرنێتییەکان :**

**بەعەرەبی**

١- احمد بیومي ، اوبرا موسیقي من ویکیبیدیا ، الموسوعةالحرة .

٢- هشام الشمعة ، الموسوعة العربیة .

**بەفارسی**

١- اعظم بابایی ، تأریخچه اپرا در ایران ، پژوهشکده باقر العلوم ،پژوهی نیت ،تهران ، ١٣٩٥/١٢/٢٤ .



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ئەنجام

لەکۆتایی توێژینەوەکەماندا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:-

- هونەری ئۆپەرێت، جگە لەوەی مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام لای ئێمەی کورد خاوەن مێژوویەکی تازەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی کۆتایی بیستەکان وسیی و چلەکانی سەدەی بیستەم بە دواوە.
- هونەری ئۆپەرێت لە ڕووی نمایشەوە دەچێتە خانەی شانۆی گۆرانی ئامێزەوە.
- نووسەری ئەدەبی منالان ، دەبێت بەوریایی و ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەدەبی منالاندا بکات ، بە شێوەیەك کە لەگەڵ حەز و خولیا و ئارەزووەکاندا گونجاو بێت.
- ئەدەبی مندالان بەهەموو جۆرەکانیەوە، خاوەن بوونێکی سەربەخۆیە و ڕاستەوخۆ لە خزمەتی منالاندایە و هانیان دەدات بۆ کاری چاکە و چاکەخوازی و لایەنی پەروەردەیی و فێربوون و زانست.
- ڕەگەزی کات، کاتی فیزیکییە و کاتی دەروون بەکارنەهاتووەو بەشێوەیەکی کلاسیکیانە ڕەوتی کاتەکان لەنێوان ڕابردوو، ئێستا، داهاتوودا دەسوڕێتەوە.
- سوودوەرگرتن لە تەکنیکی فلاش باك.
- جۆری شوێنی بەکارهاتوو و سوود لێ وەرگیراو، زیاتر شوێنی داخراو وکراوەن و لەهەمان کاتیشدا واقیعن و نموونەیان لە ژیاندا بەرچاو دەکەوێت.
- کارەکتەرەکان لە هەردوو ڕەگەزی مرۆڤ و گیانلەبەران پێکهاتووە و ئامانجیان زیاتر گەیاندنی پەیامێکی پەروەردەییە.
- تەکنیکی گێڕانەوە لە دەقەکەدا، بەشێوەی چیرۆکێکی فۆلکلۆرییە و بە تایبەتی لە بەرگی چیرۆکی ئاژەڵاندا.
- نووسەر دەیەوێت لە ڕێی خستنەڕووی ئەو دەقەوە، منالانی کورد فێری خۆشەویستی نیشتمان و یەکێتی و یەکریزی نێوان تاکەکانی گەل بکات و لە خیانەت و ناپاکی دووریانبخاتەوە، چونکە کارێکی قێزەون و ناشرینە و بەهیچ شێوەیەك لەنێو کۆمەڵگادا جێی نابێتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش بە شێوەیەکی سادە و ساکار مامەڵە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا کراوە و خراوەتە ڕوو بەزمانێکی زۆر سادە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

## الخاتمة

وصل البحث الى نتائج يمكن ايجازها فيما ياتي :

- فن الاوبر يت صاحب تاريخ طويل لكن حديث العهد لدى الشعب الكوردي ، حيث يرجع تاريخها الى أواخر العشرينات وثلاثينات واربعينيات القرن العشرين .

- فن الاوبر يت من ناحية العرض يدخل ضمن المسرح الغنائي .

- من الواجب على كاتب الادبا لاطفال ان يتعامل بحذرمع هذاالنوع من الادب بحيث ينسجم مع ميول الاطفال و رغباتهم .

- أدب الاطفال بكل انواعه، صاحب كيان مستقل ويعمل من اجل الاطفال ويحثهم على العمل الجاد والصواب ، مع الاخذ بجانب التربوي والتعليمي والمعرفي .

-عنصرالزمن هنا فيزيائي والزمن النفسي لم يوظف بشكل كلاسيكي وانما توظيفه يتمحور بين الحاضر والمسقبل .

- استفادة البحث منتقنية الاسترجاع ( فلاشباك) .

- تم توظيف المكان وعلى وجه الخصوص المكان المغلق والمكان المفتوح والاماكن هنا اماكن واقعية وليست خيالية .


## Summary

Finally, we came up with these results below from our research:

- Even though opera has a long history and is very old, for Kurds is quite new and became popular among us in the middle of twentieth century.
- Opera as a performance is one of the types of dramatic music theatre.
- The children literature authors should carefully deal with children literature so that it fits with their joys and hobbies.
- Children literature with all its types is independent and directly serves the children to do good jobs and well on educational and scientific studies.
- The time of the story is a physical time rather than mental because as a classical way it is a stream of time between past, present, and future.
- Taking advantage from flashback technique.
- The places that were used were closed and open stages, and at the same time they are facts and are examples of life.
- The characters were animals and humans because their objective was to send educational messages.
- The technique of telling the tale is like a folk story especially they are covered on animal story books.
- The authors through his tales wants to teach the Kurdish children love of country, union, and cooperation with the other individuals of community in order to get away from betrayal because it is a disgusting and bad habit. This behavior does not fit in the community, so for that reason the incidents were dealt with simply and smoothly and were explained in a really simple language.




e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)